دیمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی خەرمانانی ١٣٨٢ ٦ی سیپتامبری ٢٠٠٣ ژمارە ٣٧٢ ١٥٠ تمەن

## "کادك" کۆتایی بە ئاگربەسی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە هێنا

"کۆنگرەی ئازادیو دێمۆکراسیی کوردستان" (کادك) کە پێشتر بە ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان تێکۆشانی هەبوو، ڕایگەیاندکە لە ڕۆژی ١ی سێپتامبرەوە کۆتایی بە ئاگربەسی یەك لایەنەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە دێنێ. لە بەیاننامەیەکدا کە "کادك" بڵاوی کردۆتەوە ڕایگەیاندوە، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کە ئەو ڕێکخراوە ئاگربەسی یەك لایەنەی ڕاگەیاندوە، دەوڵەتی تورکیە ئاوڕی لەمافە سیاسیو فەرهەنگی‌یەکانی کوردەکانی ئەو وڵاتە نەداوەتەوە. ئەو ڕاگەیەندراوە لە کاتێکدا بڵاو بۆتەوە کە هەزاران کەس لە خەڵکی دیاربەکر، گەورەترین شاری کوردستانی تورکیە، بۆ داواکردنی مافی زیاترو ڕاگەیەندرانی لێبووردنی گشتی بۆ زیندانی‌یە سیاسی کوردەکان، خۆپێشاندانیان وەڕێ خستبوو. وتەبێژی "کادك" ڕایگەیاند کە ئۆپەراسیۆنی نیزامیی ئانکارا لە دژی گریلاکانی ئەو پارتە، لەم دوایی‌یانەدا، پەرەی گرتوە. بەیاننامەی کادك ڕادەگەیەنێ کە "ئاگربەس تەنیا لەو حاڵەتەدا بەڕێوە دەچی کە دولایەنە بێ."

سایتی: B.B. Cpersian

## پیکهینانی حکوومەتی قۆناغی گوازتنەوە لە عیراق

ڕۆژی چوار شەممە ٣ی سیپتامبر وەزیرانی دیاریکراوی حکوومەتی قۆناخی گوازتنەوە لە عیراق لە بەردەم سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕوایی ئەو وڵاتە سویندی قانوونی‌یان خوارد. پیکهاتنی یەکەم کابینەی حکوومەتی، دوای ڕووخانی ڕیژیمی صدام حسین دووەمین هەنگاوی گرنگە بەرەو گیرانەوەی دۆخی ئاسایی بۆ عیراقو سپاردنەوەی دەسەڵاتی عیراق بە عیراقی‌یەکان.

کابینەی قۆناخی گوازتنەوەش هەر وەك ئەنجوومەنی فەرمانڕوایی بە لە بەرچاوگرتنی پیکهاتەی نەتەوەیی‌و ئایینیی کۆمەلی عیراق دیاری کراوەو هەوڵ دراوە ئەوەندەی بکرێ چینو تویژو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانی خەلکی عیراق بە جۆریك خۆیانی تیدا بەدی بکەن. لەو کابینەیەدا بۆ وینە ژنو پیاو، شیعەو سوننی، عەرەبو کوردو کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان پۆستی وەزارەتیان پێ سپیراوەو هەر لەو کاتەشدا هەوڵ دراوە کەسانی تەکنۆکراتو شارەزا بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی‌یە گرنگەکان دەستنیشان بکرین.

بە پیچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی قازانجەکانیان کەوتۆتە مەترسی‌یەوە، یان لەجێدا خیرخوازی خەلکی عیراق نین، ئەم کارە دابەشکردنی عیراقو عیراقی‌یەکان لە سەر بناخەی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و مەزهەبی نیە، بەلکوو بەشدار کردنی هەموو عیراقی‌یەکان لە بەریوەبردنی ئەرکو بەرپرسایەتی‌یەکانو بەرخوردار کردنی هەمووان لە مافی ڕەوای هاونیشتمانەتی‌یە. بەو حالەش لە روانگەی هەموو هیزە سیاسی‌یەکانەوە ئەمە هەنگاویکی کاتی‌یە بۆ گوازتنەوەی عیراق بەرەو قۆناخی هەلبژاردنیکی ئازادو دیموکراتی کە لەودا تەنیا پیوانە لیوەشاوەیی کەسەکانو دەنگی کۆمەلانی خەلك لە سەر سندووقەکانی هەلبژاردن بێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە هەمیشە بە چاوی بایەخەوە سەیری ڕووداوەکانی نیو وڵاتی دۆستو دراوسێ، عیراقی کردوە، بە گەشبینی‌یەوە دەروانیتە هەنگاونانی لە سەرخۆ بەلام وشیارانەی عیراقی‌یەکان بەرەو بنیاتنانەوەی وڵاتو وەدەستهینانەوەی سەروەریی نیشتمانی‌و دارشتنی بناخەی سیستمیکی دیموکراتی ـ پارلمانی ـ فیدرالی ـ پلوورالیستی‌و دامەزرانی یەکەمین کابینەی حکوومەتییش بە هەنگاویکی کاریگەر لەو پیناوەدا دەزانێ.

بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەلکی عیراق دەکەینو بۆ حکوومەتی قۆناخی گوازتنەوەش سەرکەوتن لە ئەنجامی ئەرکە قورسو دژوار، بەلام پیرۆزەکانی‌دا بە ئاوات دەخوازین. لەو پیوەندی‌یەدا پیرۆزبایی‌یەکی تایبەتییش پیشکیشی خەلکی کوردستانی عیراق دەکەین کە بەشداری‌یەکی کاریگەریان لە گۆرینی وەزعی عیراق، لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی‌و لە یەکەم حکوومەتی قۆناخی گوازتنەوەدا هەیەو بەتایبەتی لە کابینەدا ژمارەیەك لە گرنگترین پۆستەکانی بەریوەبەری یان بە ژمارەیەك لە کادرە شارەزاو لیوەشاوەکانیان سپاردوە. سەرکەوتنیان ئاواتمانەو چاومان لە بەرەوپیشچوونی زیاترو دەسکەوتی گەورەتر بۆ کوردەکانو تیکرای عیراقی‌یەکانە.

## ڕێزنان لە پەروەردەو پێگەیاندن، فێربوونو فێرکردن لە دوو ڕێوڕەسمی تایبەتی‌دا





دوانیوەڕۆی شەممە ١ی خەرمانان لە بیستەمین ساڵەی دامەزرانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبداو بە بۆنەی کۆتایی‌هاتنی سەدو پەنجاهەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، ڕێوڕەسمێکی بەرین بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و ڕێبەرایەتیی حیزبو بە ئامادەبوونی بەرپرسانو مامۆستایانی فێرگەو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی حیزب پێکهات. لەو ڕێوڕەسمەدا سکرتێری گشتیی حیزب لە سەر نەخشی فێرگە لە پێگەیاندنی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتداو هەروەها لە سەر بایەخدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە فێربوونو فێرکردن، قسەی کرد. لە درێژەی مەراسمەکەدا بەرپرسانی ئەو فێرگەیە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانداو هەروەها مامۆستایانی فێرگە ڕێزیان لێنرا.

ڕۆژی ٥ی خەرمانییش، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بۆ ڕێزنان لە قوتابیانو خوێندکارانی سەر بە حیزبی دێموکرات کە ساڵی خوێندنی ڕابردوویان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێهێناوە، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پێك هێنا. لەو ڕێوڕەسمەدا هاوڕێی بەڕێز حەسەنی ڕەستگار، سەبارەت بە ڕابردووی "کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان"و هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لە بواری پەروەردەو فێرکردندا قسەی کرد. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا ڕاپۆرتێك لە بارەی ئاکامەکانی خوێندنی ئەوساڵی قوتابیانو خوێندکاران پێشکیش کرا. پاشان قوتابی‌و خوێندکارە سەرکەوتووەکان دیارییان پێدرا.

**دەقی قسەکانی سکرتێری گشتی‌و بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبو ڕاپۆرتی هەردووی ئەو ڕیورەسمانە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا (لاپەرەکانی ٣و٤) خراونە بەرچاوی خوینەران.**

## پیوەندیی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامیو بریتانیا تا دێ خراپتر دەبێ



جاك ئیستراو

پاش ئەوەی لە ٢٢ی ئووتی ئەمساڵدا، هادی سلەیمانپوور، سەفیری پیشووی کۆماری ئیسلامی لە بوئنوس ئایریس، بە گویرەی حوکمیکی نیونەتەوەیی، لە لایەن پۆلیسی بریتانیاوە، لە شاری "دورهام" بە تاوانی دەست هەبوون لە تەقینەوەی ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانتین (١٩٩٤)دا گیرا، ئالۆزیو گرژی لە پیوەندیی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامیو بریتانیا، تاهاتوە زیاتر بووە.

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژی گیرانی هادی سلەیمانپوورەوە، هەولیکی بەربلاوی بە مەبەستی ئازادکردنی ناوبراو دەست پێکرد. لەو پیوەندی‌یەدا عەلی ئاهەنی جیگری وەزیری دەرەوەی ڕیژیم چووە لەندەن بۆ وتوویژ لەگەڵ "جەك ئیسترا" وەزیری دەرەوەی بریتانیا. هەولی ناوبراو بۆ ئازاد کردنی سلەیمانپوورو چەند جار بانگ کرانی



کەمالی خەررازی



هادی سولەیمانپوور

سەفیری بریتانیا لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوەی ڕیژیمو هەروەها دیداری مورتەزا سەرمەدی سەفیری کۆماری ئیسلامی لە لەندەن لەگەڵ جەك ئیسترا، هیچیان نەبوون بە هۆی ئازادیی هادی سلەیمانپوور. ناوبراو هەتا ڕۆژی ١٩ی سیپتامبر، هەروا لە زینداندا دەمینیتەوەو ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو دیپلوماتی تیرۆریستەی ڕیژیمی ئیران تەحویلی ئارژانتین بدرێ.

کۆماری ئیسلامی ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەرمانان، سەفیری خۆی لە لەندەن بانگ کردەوە. بەدوای بانگ کردنەوەی سەفیری کۆماری ئیسلامی لە لەندەن، سەفارەتی بریتانیا لە تاران، تەقەی لی کراو ژوورەکانی نهۆمی یەکەمو دووهەم وەبەر گوللە دران. وتەبیژی سەفارەتی بریتانیا ڕایگەیاند ئەو سەفارتخانەیە هەتا ڕاگەیاندنی داهاتوو، دادەخرێ.

بە دەرچوونی حوکمی نیونەتەوەیی بۆ گیرانی ٨ دیپلۆماتی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگای فیدرالی ئارژانتینەوەو گیرانی هادی سلەیمانپوور، ئەگەری ئەوە کە پەروەندەی تەقینەوەی ناوەندی جوولەکەکان لە بوئنوس ئایریس (کە بووە هۆی کوژرانی ٨٥ کەس)، جاریکی دیکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چارەنووسیکی وەك پەروەندەی قەتلەکانی میکونووس بەرەوروو بکا، بەهیزتر دەبێ. هەر بۆیە ڕیژیمی تیرۆریستو تیرۆریست پەروەری ئیران بە توندی لە هەوڵ دایە تا هادی سلەیمانپوور ئازاد بکاو نەهیلێ بکەویتە دەست ئارژانتین. جیی خۆیەتی بگوترێ کە هادی سلەیمانپوور جگە لەوەی لە گەلاڵە ڕیژیی تەقینەوەی ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانتیندا نەخشی سەرەکیی هەبووە، لە دارشتنی زۆر گەلاڵەی تیرۆریستیی دیکەی ڕیژیمیش لە ئورووپاو ئەمریکادا دەستی هەبووە.

## لە ١٥ ساڵەی کوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئیراندا

بە بۆنەی پازدەیەمین ساڵی کوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئیران، لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات بە شیوەی جۆراوجۆر یادی شەهیدانی ئەو کارەساتە گەورەیە کرایەوە. ئیرانی‌یەکانی دەرەوەی وڵات بە پیکهینانی کۆڕی شیعر خویندنەوە، پیشانگای وینە، نیشاندانی فیلم، کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و میزگرد بۆ باس لە سەر ئەو کارەساتە و بڵاوکردنەوەی وتار، بیرەوەریو بانگەواز، ریزیان لە بیرەوەریی هەزاران زیندانیی سیاسیی ئیران گرت کە لە هاوین و پاییزی ١٣٦٧ بە فەرمانی خومەینیی خوینریژ لە زیندانەکانی ئیران دا کوژران.

لە نیوخۆی وڵاتیش بنەماڵەو خزمو کەسی قوربانی‌یەکانی ئەو کوشتارە، و ئۆگرانی



ریگا و ئامانجەکانیان لە سەر گلکۆی ئەوان بە تایبەتی لە گۆرستانی "خاوەران"ی تاراندا کۆبوونەوە و بە دانانی گوڵ لە سەریان و نویتر کردنەوەی شەرت و پەیمان لەگەلیان، جاریکی دیکە نەفرەت و بیزاریی خۆیان لە ڕیژیمی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی نیشاندا.

ژمارەیەك لە کەسایەتی‌یە فەرهەنگی و سیاسی‌یەکان بە بڵاو کردنەوەی وتار، بانگەواز و نامەی سەرئاوەلا داوایان کرد کە لیکولینەوە لە قەلاچۆی هەزاران زیندانیی سیاسی لە هاوینو پاییزی ١٣٦٧دا بخریتە دەستووری کاری دائیمی ریکخراو و دامەزراوە نیونەتەوەیی و ئیرانی‌یەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و، بیدەنگیی تاوانبارانەی ریفورمخوازانی حکوومەتیی بەروالەت داواکاری کۆمەلگەی مەدەنی لە بارەی ئەم کارەساتە نەتەوەیی‌یە، کۆتایی پێ بێ.

٢ دوو ڕێیانێکی سەخت لە بەردەم کۆماری ئیسلامی‌دا
٨ پاکتاو کردنی جیابیران
٨ ڕێگای بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا
٩ بڵاوکراوە کوردی‌یەکان لە ئێرانداو کۆسپەکانی سەر ڕێگایان
٩ ڕووداوێکی سیاسی فەرهەنگیی تایبەت بە کورد لە فەرانسە
١٠ پێویستیی دیتنەوەی ڕیشەکان لە شەڕی دژ بە تێرۆریزمدا
١١ پێناسەی لیباس شەخسی‌یەکانو پێوەندییان لەگەڵ حاکمییەتدا

# له باره‌ی
# کرده‌وه‌ی تیرۆریستیی ئه‌م دواییانه له عێراقدا

پاش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی هه‌ینی ڕێکه‌وتی ٧ی گه‌لاوێژی ١٣٨٢ی هه‌تاوی به‌رامبه‌ر ٢٩ی ئووتی ٢٠٠٣ی زایینی، ئایه‌تولڵلا سه‌ید محه‌ممه‌د باقری حه‌کیم که‌سایه‌تیی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومه‌تی به‌عسی عێراق‌و ڕێبه‌ری ئه‌نجومه‌نی باڵای شۆرشی ئیسلامیی ئه‌و وڵاته له کرده‌وه‌یه‌کی تیرۆریستی‌دا له شاری نه‌جه‌ف گیانی له‌ده‌ست دا. هه‌ر له‌و کرده‌وه تیرۆریستی‌یه‌دا زیاتر له سه‌د که‌سی دیکه‌ش کوژران‌و زیاتر له دووسه‌د که‌سیش بریندار بوون.

ئه‌و کرده‌وه تیرۆریستی‌یه‌ی که ڕۆژی هه‌ینی له دژی گیانی سه‌ید محه‌ممه‌د باقری حه‌کیم‌و هه‌موو قوربانی‌یه‌کانی ئه‌م ڕووداوه به‌ڕێوه چوو، درێژه‌ی ئه‌و کرده‌وه تیرۆریستی‌یانه‌یه که له‌م دوایانه‌دا له شوێنه جۆراوجۆره‌کانی عێراق بۆ وێنه له بنکه‌ی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان له به‌غدا، باڵوێزخانه‌ی ئوردۆن له‌و شاره‌و ته‌قه کردن له سه‌عید ئه‌لحه‌کیم له نه‌جه‌ف‌و هێندێ شارو شوێنی دیکه ڕوویان دا، نیشان ده‌ده‌ن که ئه‌و تاقم‌و لایه‌ن‌و وڵاتانه‌ی که حه‌ز له ئارامی‌و ئاسایشی خه‌ڵکی عێراق‌و گه‌ڕانه‌وه‌ی هێمنی‌و ئاسایی بوونه‌وه‌ی وه‌زع له عێراقدا ناکه‌ن له سه‌ر درێژه‌دان به جینایه‌ت‌و ڕه‌فتاره دژی ئینسانی‌یه‌کانیان سوورن‌و له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا حورمه‌تی هیچ شوێنێك ناپارێزن‌و ته‌نانه‌ت به‌زه‌ییان به خه‌ڵکی بێ‌دیفاعیش‌دا نایه، به‌م جۆره تێ‌ده‌کۆشن بشێوی‌و نائه‌منی له عێراقدا زیاتر په‌ره‌پێ‌بده‌ن‌و له ڕێگای کرده‌وه‌ی دزێوه‌وه به مه‌به‌سته‌کانیان بگه‌ن.



له ڕوانگه‌ی ئێمه وه‌ك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئه‌م تیرۆره‌و هه‌ر جۆره کرده‌وه‌یه‌کی دیکه‌ی تیرۆریستی که له لایه‌ن هه‌ر که‌س‌و لایه‌نێك‌و له دژی هه‌ر که‌س‌و لایه‌نێکی دیکه‌وه ئه‌نجام بدرێ مه‌حکوومه‌و به کارێکی ناره‌واو غه‌یره ئینسانیی ده‌زانین. هه‌ر له‌و کاته‌دا هاوسۆزی‌و هاوده‌ردیمان له‌گه‌ڵ که‌س‌و کارو بنه‌ماڵه‌ی قوربانی‌یه‌کانی ئه‌و ڕووداوه ده‌رده‌بڕین‌و چاك بوونه‌وه‌ی هه‌رچی زووتری برینداره‌کان به ئاوات ده‌خوازین.

ئه‌وانه‌ی بۆ گه‌یشتن به مه‌به‌سته‌کانیان په‌نا بۆ ئه‌و جۆره کرده‌وانه ده‌به‌ن، به تایبه‌تی له هه‌لومه‌رجی ئێستای عێراقدا هه‌وڵی بشێویی زیاترو نائارامیی پتر له‌و وڵاته‌دا ده‌ده‌ن به جێیه له‌لایه‌ن کۆڕوکۆمه‌ڵه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کان‌و وڵاتانی لایه‌نگری دێموکراسی‌و مافی مرۆڤه‌وه زیاترو جیددی‌تر شناسایی بکرێن‌و سزای شیاوی نێونه‌ته‌وه‌یی‌یان بۆ دیاری بکرێ. له‌و پێوه‌ندی‌یه‌دا هاوکاری‌و هاوهه‌نگاویی هه‌رچی زیاترو به‌رباڵاوتری وڵاتان‌و ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی عێراق بۆ پێشگیری له دووپات بوونه‌وه‌ی ئه‌و جۆره کرده‌وانه ده‌توانێ زۆر شوێندانه‌ر بێ‌و یارمه‌تیده‌رێکی باش بێ بۆ دابین بوونی ئاسایش‌و ئه‌منییه‌تی خه‌ڵکی عێراق‌و گه‌ڕانه‌وه‌ی وه‌زعی ئاسایی بۆ ئه‌و وڵاته.

***

# دووڕێیانێکی سه‌خت
# له به‌رده‌م کۆماری ئیسلامی‌دا

**قادر وریا**

فشار بۆ سه‌ر کۆماری ئیسلامی به‌مه‌به‌ستی مۆرکردنی "ئیلحاقیه"ی پرۆتۆکۆلی پێشگیری له په‌ره‌پێدانی چه‌کی ئه‌تۆمی له هه‌موولایه‌که‌وه درێژه‌ی هه‌یه.

له نێوه‌ڕاسته‌کانی مانگی ئووتی ڕابردوودا، سێ وڵاتی هه‌ره گرنگی ئورووپا: ئه‌ڵمان‌و ئینگلیس‌و فه‌رانسه له ڕێگای جۆراوجۆره‌وه له ئێرانیان ڕاسپارد که چاره‌یه‌کی جگه له قبووڵکردنی ئیلحاقیه‌ی پرۆتۆکولی ناوبراو نیه. هه‌ر ئه‌وکات هێندێك له سه‌رچاوه خه‌به‌ری‌یه‌کان له زمانی کاربه‌ده‌ستانی ئورووپایی‌یه‌وه ڕایانگه‌یاند که فشاری ئورووپا به مه‌به‌ستی قبووڵکردنی ئه‌و "الحاقیه"یه له مانگی سێپتامبردا، توندتریش ده‌بێ.

له کۆتایی مانگی ئووت‌دا خاویه‌ر سۆلانا سه‌رۆکی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی یه‌کیه‌تیی ئورووپا بۆ ڕاگه‌یاندنی په‌یامی ڕاشکاوانه‌ی یه‌کیه‌تیی ئورووپا به کۆماری ئیسلامی، سه‌ردانی ئێرانی کردو له کۆنفرانسێکی چاپه‌مه‌نیی هاوبه‌ش له‌گه‌ڵ خه‌ررازی وزیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و ڕێژیمه‌دا، ڕای‌گه‌یاند که، ئێران له قبووڵکردنی "الحاقیه"ی ئه پرۆتۆکۆله‌و وازهێنان له پێوه‌ندیی دۆستانه له‌گه‌ڵ وڵاتانی ئورووپایی ده‌بێ یه‌کیان هه‌ڵبژێرێ. له به‌رامبه‌ر ئیمزا کردنی ئه‌و "الحاقیه"یه‌شدا، نابێ هیچ چاوه‌ڕوانی‌یه‌کی هه‌بێ. خاویه‌ر سۆلانا گوتی: "زۆر به ڕاشکاوی ده‌ڵێم نابێ چاوه‌ڕوان بن له به‌رامبه‌ر ئه‌م کاره‌دا، ئێمه شتێکتان بده‌ینێ، ئه‌وه ئامۆژگاری‌یه‌که له دۆستێکه‌وه بۆ دۆستێکی دیکه، ته‌نیا چاوه‌ڕوانی‌یه‌ك که ده‌کرێ هه‌تانبێ، ئه‌وه‌یه که دۆستایه‌تی‌یه‌که‌مان له‌و حاڵه‌ته‌دا، درێژه ده‌کێشێ". کاتێکیش خه‌ررازی گوتی: "ئێوه گوتبووتان ئه‌گه‌ر ئێران پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی ئیمزا بکا، ئێمه فشاری خۆمان هه‌ڵده‌گرین‌و پێوه‌ندیی یه‌کیه‌تیی ئورووپاو ئێران قووڵتر ده‌بێته‌وه"، سۆلانا گوتی: "یه‌کیه‌تیی ئورووپا فشارێك بۆ ده‌وڵه‌تان ناهێنێ، ئێمه هه‌وڵ ده‌ده‌ین پێتان بڵێین که مۆرکردنی ئه‌و پرۆتۆکوله نه‌ك هه‌ر بۆ ئێوه، به‌ڵکوو بۆ هه‌موو کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی شتێکی باشه". خاویه‌ر سۆلانا هه‌ر له‌و کۆنفرانسه چاپه‌مه‌نی‌یه‌دا گوتی: **"ئێستا له هه‌لومه‌رجێکی زۆر سه‌خت داین، ئه‌گه‌ر ئێوه پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی ئیمزا نه‌که‌ن، ئێوه‌ش‌و ئێمه‌ش هه‌واڵی ناخۆش ده‌بیسین".**

ده‌زانین که کۆماری ئیسلامی هه‌تا ده‌ست پێکردنی ئه‌و فشاره نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه ڕۆژ به ڕۆژ زیاتره، به هیچ جۆر قسه‌ی له قبووڵکردنی ئه‌و پرۆتۆکۆله ئیلحاقی‌یه‌و ملدان بۆ سه‌فه‌رو لێکۆڵینه‌وه‌ی لێکۆڵه‌رانی ئاژانسی نێونه‌ته‌وه‌یی ئه‌تۆمی له دامه‌زراوه ئه‌تۆمی‌یه‌کانی خۆی نه‌ده‌کرد. به‌ڵام کاتێك بۆی ده‌رکه‌وت که ئه‌مجاره‌یان ئورووپاش له‌گه‌ڵ وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا له فشار هێنان بۆ سه‌ر ئێراندا، هاوده‌نگ‌و هاوڕێیه، له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ش هه‌لومه‌رجی سیاسیی ناوچه‌و نێونه‌ته‌وه‌یی به هیچ جۆر له‌گه‌ڵ یاغیگه‌ری‌و سیاسه‌تی که‌لله‌ڕه‌قانه‌ی ئه‌و ڕێژیمه ناگونجێ، هێندێك نیشانه‌ی له ڕه‌زامه‌ندی‌و ملدان بۆ داواو چاوه‌ڕوانی‌یه‌کانی ئاژانسی نێونه‌ته‌وه‌یی ئه‌تۆمی نیشان دا. به‌ڵام هه‌موو هه‌وڵه‌که‌ی ئه‌وه بووه که ئه‌گه‌ر هه‌ر ناچار بوو ئه‌و داوایانه قبووڵ بکا، له به‌رامبه‌ریاندا هێندێك ئیمتیاز وه‌ربگرێ. وازهێنانی ئه‌مریکا له سیاسه‌تی هه‌وڵدان بۆ گۆڕینی ڕێژیم له ئێران‌داو ده‌ست هه‌ڵگرتنی یه‌کیه‌تیی ئورووپا له سیاسه‌تی پشتیوانی کردن له ئاڵوگۆڕ به قازانجی ئازادی‌و خۆڕێکخستنی ئێران له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی‌و دنیای ئه‌مڕۆ، ئه‌و شته‌یه که کۆماری ئیسلامی ـ زۆرجار له په‌رده‌دا، جارجاریش به ڕاشکاوی ـ وه‌ك ئیمتیاز داوای کردوه. دیاره پێکهێنانی ده‌ره‌تان بۆ کۆماری ئیسلامی که ده‌ستی به نوێترین تێکنۆلۆژیی هه‌سته‌یی ڕابگا، یه‌کێکی دیکه له داواو چاوه‌ڕوانی‌یه‌کانی ئه‌و ڕێژیمه بوو.

ڕووداوه‌کانی چه‌ند مانگی ڕابردوو نیشانیان دا که ئیددیعای کۆماری ئیسلامی له‌باره‌ی ئاشتیخوازانه بوونی ئامانجی هه‌وڵه ئه‌تۆمی‌یه‌کانی‌یه‌وه ڕاست نین. چونکه ١ـ شه‌خسی خامه‌نه‌یی ڕێبه‌ری ڕێژیم له‌کاتی ڕێوره‌سمی سپاردنی مووشه‌کی شه‌هابی ٣به سوپای پاسداراندا، ده‌ری خست که ئه‌م ڕێژیمه ئه‌م جۆره چه‌کانه‌ی بۆ هه‌ڕه‌شه له ئیسرائیل‌و زه‌بروه‌شاندن له ئه‌منییه‌ت‌و به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌مریکا له ناوچه‌دا، ده‌وێ. دیاره ئه‌م جۆره چه‌کانه‌ش کاتێك ده‌توانن مه‌ترسی خوڵقێنتر بن که ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چه‌کی ئه‌تۆمی هه‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی وه‌ك کلاوه (کلاهك) له‌و مووشه‌کانه‌دا که‌لکیان لێوه‌ربگرێ. ٢ـ هه‌ر له یه‌که‌م لێکۆڵینه‌وه‌و پشکنینی لێکۆڵه‌ره‌کانی ئاژانسی نێونه‌ته‌وه‌یی ئه‌تۆمی‌دا که له هه‌لومه‌رجێکی باشتر له جارانی ڕابردوودا به‌ڕێوه‌چوو، ده‌رکه‌وت دامه‌زراوه ئه‌تۆمی‌یه‌کانی کۆماری ئیسلامی له‌وه زیاترو به‌رباڵاوترن که ئه‌و ڕێژیمه ئیددیعای ده‌کرد. ٣ـ لێکۆڵه‌ران توانیان ئورانیومی ده‌وڵه‌مه‌ند کراو له ئێران‌دا بدۆزنه‌وه که نیشانده‌ری نزیکبوونه‌وه‌ی هه‌وڵه‌کانی ئه‌و ڕێژیمه به مه‌به‌ستی به‌رهه‌مهێنانی چه‌کی ئه‌تۆمی‌یه. ٤ـ شاردنه‌وه‌ی ڕاستی‌یه‌کان له کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی‌و خۆبواردن‌و بیانوو گرتنی کۆماری ئیسلامی بۆ نه‌چوونه ژێرباری چاوه‌دێری‌یه‌کی وردی نێونه‌ته‌وه‌یی‌و قبووڵکردنی ته‌عه‌هودات له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هه‌وڵه ئه‌تۆمی‌یه‌کانی‌دا، له‌خۆڕا نیه‌و هۆیه‌کی دیکه‌ی هه‌یه که به هیچ جۆر له‌گه‌ڵ ئیددیعای ئاشتیخوازانه بوونی به‌رنامه ئه‌تۆمی‌یه‌کانی ئه‌و ڕێژیمه نایه‌ته‌وه.



خاویه‌ر سۆلانا

ئێستا کۆماری ئیسلامی دوو ڕێیانێکی سه‌ختی له‌به‌رده‌م دایه‌و هیچ چاری نیه ده‌بێ له‌و دوو ڕێیانه یه‌کیان هه‌ڵبژێرێ. بۆ ساخبوونه‌وه له‌سه‌ر یه‌کێك له‌م دوو ڕێگایانه‌ش ماوه‌یه‌کی زۆر که‌می هه‌یه. چونکه هه‌ر له‌م مانگه (سێپتامبر)دا کۆبوونه‌وه‌ی ئاسایی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ریی ئاژانسی نێونه‌ته‌وه‌یی ئه‌تۆمی به‌ڕێوه ده‌چێ‌و به له‌به‌رچاو گرتنی دوا هه‌ڵوێستی کۆماری ئیسلامی که چار ناچار یه‌کێك له‌م دوو ڕێگایه‌یه، بڕیاری خۆی له‌باره‌ی ئه‌و ڕێژیمه‌وه ده‌دا. کۆماری ئیسلامی یا بۆ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئیلحاقی‌و، چاوه‌دێری‌و سه‌ردان‌و لێکۆڵینه‌وه‌ی به‌وه‌خت‌و بێ‌وه‌ختی لێکۆڵه‌رانی نێونه‌ته‌وه‌یی مل ده‌داو، هه‌موو ڕاستی‌یه‌کان له کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی ڕوون ده‌کاته‌وه‌و کارنامه‌ی ئه‌تۆمیی خۆی که تا ئێستا له دنیای شاردۆته‌وه، ده‌خاته ڕوو. یا ملکه‌چی ئیراده‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی نابێ‌و دژایه‌تیی جیهان له‌گه‌ڵ خۆی که ئه‌مجاره‌یان بێگومان شکڵ‌و شێوه‌یه‌کی توندترو زۆر جیاواز له ڕابردووی ده‌بێ، هه‌ڵده‌بژێرێ.

بڕیاری عاقڵانه‌و هه‌ر له‌و کاته‌دا به‌رپرسانه، که ده‌توانێ هه‌م له خزمه‌تی به‌رژه‌وه‌نده‌کانی وڵاتی ئێران‌داو دوور کردنه‌وه‌ی مه‌ترسیی جۆراوجۆر له‌سه‌ر وڵاته‌که‌مان بێ‌و هه‌م له‌گه‌ڵ ڕێوشوێن‌و په‌سندکراوه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کان ده‌گونجێ، هه‌ڵبژاردنی هاوکاریی سادقانه‌و بێ فرۆفێڵ له‌گه‌ڵ ئاژانسی نێونه‌ته‌وه‌یی ئه‌تۆمی‌یه. کۆماری ئیسلامی ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕێگایه ـ دیاره له‌به‌ر مانه‌وه‌ی خۆی نه‌ك وه‌به‌رچاو گرتنی به‌رژه‌وه‌نده‌کانی خه‌ڵکی ئێران ـ هه‌ڵبژێرێ، دیسانه‌که له ململانێ له‌گه‌ڵ ئیراده‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی‌دا هه‌ر دۆڕاو و تێك شکاوه. چونکه جگه له‌وه‌ی له‌مه‌ودوا ناتوانێ به‌و هاسانی‌یه به‌رنامه ئه‌تۆمی‌یه‌کانی له خزمه‌ت یاغیگه‌ری‌و مه‌به‌سته تیرۆریستی‌یه‌کانی‌دا به‌ره‌وپێش ببا، به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ ده‌سته‌به‌رو ئیمتیازێکیشی له‌باره‌ی مانه‌وه‌ی خۆی وه‌رگرتبێ، ملی بۆ ئیراده‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی که‌چ کردوه. ئه‌گه‌ر ڕێگای دووهه‌میش هه‌ڵبژێرێ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی به ڕاستی ده‌توانێ ببێ به مه‌ترسی‌یه‌ك بۆ سه‌ر ئه‌منییه‌تی جیهانی‌و، نیازه چه‌په‌ڵه‌کانی خۆی له بواری به‌رهه‌مهێنانی چه‌کی ئه‌تۆمی‌دا باشتر به‌ره‌وپێش ببا، به‌ڵام هه‌ر به‌و پێیه‌ش، ده‌وڵه‌تان‌و ناوه‌نده بڕیار به‌ده‌سته‌کانی جیهان، به‌ره‌و به‌ربه‌ره‌کانی‌یه‌کی یه‌کگرتووترو زۆر جیددیتر له جاران له‌گه‌ڵ خۆی پاڵ پێوه ده‌نێ.

***

# بانگه‌واز بۆ ڕێکخراوه‌کانی پارێزه‌ری مافی مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی گیانی ده‌سته‌یه‌ك له په‌ناخوازانی کوردی ئێرانی له تورکیه

به گوێره‌ی هه‌واڵێك که له‌لایه‌ن کومیته‌ی پشتیوانی له په‌نابه‌ران له شاری وان، گه‌یشتۆته ده‌فته‌ری نوێنه‌رایه‌تیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ده‌ره‌وه‌ی وڵات، پۆلیسی تورکیه له ڕۆژانی شه‌ممۆو یه‌کشه‌ممۆ، ٣٠و ٣١ی مانگی ئووتی ٢٠٠٣دا ده‌ستی کردوه به ده‌ستبه‌سه‌رکردنی ده‌یان که‌س له کورده په‌ناخوازه ئێرانی‌یه‌کانی نیشته‌جێی شاری وان‌و ژماره‌یه‌ك له‌وانی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستوه. هه‌ر به پێی ئه‌م هه‌واڵانه ئه‌م په‌ناخوازانه به جیددی مه‌ترسیی ته‌حویلدانه‌وه به کۆماری ئیسلامییان له سه‌ره. به سه‌رنجدان به‌م چه‌شنه کرده‌وانه‌ی که له ڕابردوودا ڕوویان داوه، زۆری پێ‌ده‌چێ ته‌سلیم کردنه‌وه‌ی ئه‌م په‌ناخوازانه به کۆماری ئیسلامی، ئیعدامی ئه‌وانی لێ‌بکه‌وێته‌وه.

نموونه‌گه‌لی وه‌ك که‌ریم تووژه‌ڵی‌و خالید شه‌وقی به‌سن بۆ سه‌لماندنی ڕاستیی ئه‌م قسه‌یه. ئه‌وان هه‌رکه به ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ته‌حویلدرانه‌وه، ڕاپێچی زیندان کران‌و پاش چه‌ند ساڵ مانه‌وه له زیندان‌داو ئه‌شکه‌نجه‌و ئه‌زییه‌ت‌و ئازاردان، سه‌رئه‌نجام یه‌که‌میان له ٢٤ی ژانویه‌و دووه‌میان له ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢دا ئیعدام کران.

به سه‌رنجدان به بوونی مه‌ترسی‌یه‌کی وا ئێمه داوا له سه‌رجه‌م کۆڕو ڕێکخراوه‌کانی پارێزه‌ری مافی مرۆڤ ده‌که‌ین که تا دره‌نگ نه‌بووه، وه‌فریای ئه‌م په‌ناخوازانه بکه‌ون‌و به فشارهێنان بۆ ده‌وڵه‌تی تورکیه، پێش به ته‌حویلدانه‌وه‌یان به کۆماری ئیسلامی بگرن.

شایانی باسه که ده‌فته‌ری نوێنه‌رایه‌تیی حیزب له ده‌ره‌وه‌ی وڵات بۆ داکۆکیکردن له‌م په‌ناخوازانه، کۆمیسارییای به‌رزی کاروباری په‌نابه‌ریی سه‌ر به ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له ژنێڤ، ئانکاراو وان‌و هه‌روه‌ها ڕێکخراوی لێخۆشبوونی نێونه‌ته‌وه‌یی، بنیاتی فرانس ـ لیبرتێ، کۆمه‌ڵه‌ی پشتیوانی له مافی مرۆڤ له ئێران‌و ژماره‌یه‌ك بنیاتی پێوه‌ندیداری دیکه‌ی له‌م مه‌سه‌له‌یه ئاگادار کردۆته‌وه.

**ده‌فته‌ری نوێنه‌رایه‌تیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**له ده‌ره‌وه‌ی وڵات**
**پاریس ـ ٢٠٠٣/٩/١**

***

# نامه‌ی بنیاتی فرانس ـ لیبرتێ به پشتیوانی له په‌ناخوازانی کوردی ئێرانیی جێگیر له شاری وان

**بۆ: کۆمیسارییای به‌رزی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان بۆ کاروباری په‌نابه‌ران ـ ژنێڤ!**

**بۆ: به‌رپرسی به‌شی پشتیوانی له په‌نابه‌ران!**

به گوێره‌ی ئه‌و هه‌واڵانه‌ی به ده‌ستمان گه‌یشتوون، له ڕۆژه‌کانی شه‌ممه‌و یه‌کشه‌ممه، ٣٠و ٣١ی ئووتی ٢٠٠٣دا ده‌یان که‌س له په‌نابه‌رانی کوردی ئێرانیی دانیشتووی شاری وان له لایه‌ن پۆلیسی تورکیه‌وه گیراون. جێگای وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه که ئه‌و که‌سانه له ده‌فته‌ری کۆمیسارییای به‌رزی په‌نابه‌ران له شاری وان‌دا، ناویان نووسیوه‌و چاوه‌ڕوانن بۆ وڵاتی سێهه‌م ڕابگوێزرێن.

به سه‌رنجدان به چاره‌نووسی دڵته‌زێنی دوو په‌نابه‌ری کوردی ئێرانی به ناوه‌کانی که‌ریم تووژه‌ڵی‌و خالید شه‌وقی که له ڕابردوودا له لایه‌ن پۆلیسی تورکیه‌وه ته‌حویلی ده‌وڵه‌تی ئێران درابوونه‌وه‌و سه‌رئه‌نجام ساڵی ٢٠٠٢ له لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئێرانه‌وه ئیعدام کران، جێی خۆیه‌تی به‌رامبه‌ر به‌و مه‌ترسییانه‌ی هه‌ڕه‌شه له گیانی ئه‌و گیراوانه ده‌که‌ن، به جیددی نیگه‌ران بین.

بنیاتی فرانس ـ لیبرتێ وێڕای ڕاکێشانی سه‌رنجی کۆمیسارییای به‌رزی په‌نابه‌ران بۆ لای ئه‌و مه‌ترسی‌یه جیددی‌یه، له سه‌ر هه‌ڵگرتنی هه‌نگاوه به‌په‌له‌ی ئه‌و کۆمیسارییایه له‌لای کاربه‌ده‌ستانی تورکیه، پێ‌داده‌گرێ. با له‌م ڕێگایه‌وه‌و به سه‌رنجدان به کۆنوانسیۆنه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کانی پێوه‌ندیدار به پشتیوانی له په‌نابه‌ران پێشی هه‌ر جۆره کرده‌وه‌یه‌ك که ژیانی گیراوه‌کان ده‌خاته مه‌ترسی‌یه‌وه، یه‌ك له‌وان ته‌حویلدانه‌وه‌یان به ده‌وڵه‌تی ئێران، بگیرێ.

**له‌گه‌ڵ ڕێزی زۆردا**
**سوهه‌یلا ماملێ**
**به‌رپرسی کاروباری ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست‌و**
**به‌رپرسی پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کاندا**
**پاریس ـ ٢٠٠٣/٩/١**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وتەکانی هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێوڕەسمی بیستەمین ساڵی دامەزرانی فێرگەی حیزبدا

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣٨٢/٦/١ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی ١٥٠هەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە بەشداری ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب‌و بنەماڵەکانیان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. دواتر هاوڕێی تێکۆشەر کاك عومەر باڵەکی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی لە چەند وتەیەکدا وەزعییەتی فێرگەی لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا باس کرد. کاك عومەر لە سەرەتای قسەکانی‌دا بەخێرهاتنی میوانەکان‌و سوپاسی بەشدارییان لەو ڕێوڕەسمەدا کرد کە بۆ ڕێزلێنان لە زەحمەت‌و تێکۆشانی بەرپرس‌و مامۆستایانی لە ماوەی ١٥٠ دەورەدا پێکهاتبوو. پاشان وێڕای ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردووو چۆنیەتی خەبات‌و تێکۆشانی حیزبەکەمان پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران‌و پاشی ئەو شۆڕشەو ئاماژە بە کەموکوڕی‌و خاڵە لاوازو بەهێزەکان‌و پێویستیی دامەزرانی ناوەندێکی فێرکردن، لە سەر گرنگیی ئامووزش‌و بارهێنان‌و بایەخدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم مەسەلەیە دواو وتی: "مەبەستمان لە ئامووزش لە جووڵانەوەیەکی میللی دێموکراتیکدا ئامووزشێکی شۆڕشگێرانەیە، واتە بارهێنان‌و ڕاهێنان‌و فێرکردنی شۆڕشگێڕان بە هەستی فیداکاری‌و لەخۆبردوویی بۆ خزمەت بە حیزب‌و گەل‌و دابینکردنی داخوازو ئامانجەکانی بزووتنەوە".

بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی لە بەشێکی‌تری قسەکانی‌دا باسی لە چۆنیەتی پێکهاتنی فێرگەو ئەو دەورانەی کە پێش لە دامەزرانی ناوەندی فێرکردنی پێشمەرگە (زانکۆ) بە شێوەی جۆراوجۆر بەڕێوە چوون کردو لەودا لەگەڵ شیکردنەوەی چەند مەسەلەی گرنگ، بایەخی یەکەم دەورەکانی زانکۆ (فێرگە)ی لە چەند خاڵدا باس کرد کە بریتی بوون لە:

١) لە کاتی شەڕو بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمدا پێك هاتبوو.

٢) ئەم ئیبتکارە، واتە دانانی ناوەندێکی ئامووزشی سیاسی ـ نیزامی بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار بوو کە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە پێك دەهات.

٣) یەکەم ناوەندی تەلفیقی سیاسی ـ نیزامی بوو کە لەوێدا پێ بە پێی یەك ئامووزشی سیاسی‌و نیزامی دەچووە پێش.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، یەکێك لە بەشدارانی دەورە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هاوڕێیانیەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەی‌دا سوپاسی بەرپرس‌و مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵ‌و تێکۆشانیان لە پێناوی پەروەردەکردن‌و پێگەیاندنی لاوانی کوردستان بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پاشان بە نیشانەی ڕێزلێنان لە زەحمەت‌و تێکۆشانی بەرپرس‌و مامۆستایانی پێشووو ئێستای فێرگە، خەڵات بەسەر ژمارەیەك لەواندا دابەش کرا. شایانی باسە کە خەڵاتی بەرپرسانی پێشووی فێرگە لەلایەن هاوڕێی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو خەڵاتی مامۆستایانی فێرگە لە لایەن کاك عومەر باڵەکی‌یەوە دابەش کراو پاشان خەڵاتی مامۆستای دێرینی فێرگە، مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لەلایەن هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفای هیجری‌یەوە پێشکەش کرا. هەروەها لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا هاوڕێیان کاك چەکۆ ڕەحیمی‌و کاك کاوە بەهرامی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی‌و دوو کەس لە بەرپرسانی پێشووی فێرگە خەڵاتیان بە سەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەی ١٥٠دا دابەش کرد.

نێوئاخنی بەرنامەکان ئاهەنگ‌و شێعرو گۆرانی جۆراوجۆرو زنجیرەیەك حەرەکەتی جوان‌و سەرنج ڕاکێشی وەرزشی بوو کە لەلایەن ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی فێرگەو بەشدارانی دەورەکەوەو بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزب بەڕێوە چوون. *

**هاوڕێیانی بەڕێز ئێوارەتان باش!**

بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی ١٥٠ی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی وەك هەموو جارێ پیرۆزبایی‌یەکی گەرم پێشکەشی هەموو هاوڕێیانی فێرگەی سیاسی-نیزامی لە مودیرو بەرپرس‌و مامۆستاو تەواوی پێرسونیلەکەی‌و هەروەها لەو هاوڕێ تازانە کە لەو دەورەیەدا بەشدار بوون دەکەم. هیوادارم ئەو لاوە تازە پەیوەست بووانە لەو شتە تازانە کە لێرەدا فێری بوون ئیستفادە بکەن بۆ فێربوونی زیاترو بۆ خزمەتی زیاتر بەو ئامانجەی کە لە پێناوی‌دا وازیان لە ژیانی تایبەتیی خۆیان هێناوە. لە هەلومەرجێك دا کە ڕەنگە زۆر خۆش نەبێ تێکەڵ بە کاروانی پڕ لە سەروەریی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکرات بوون، بەڵام لەوەی زیاتر بە بۆنەی تەواو بوونی سەدو پەنجاهەمین دەورە لە کارو تێکۆشانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی پیرۆزبایی‌یەکی گەرم پێشکێشی هەمووتان، لە پێش‌دا ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندی، پاشان تەك تەکی کادرەکانی حیزب چ ئەوانەی لە فێرگە بەشدارن و چ ئەوانەی لە جێگەکانی دیکەدا تێکۆشانیان هەیەو هەروا پێشکێشی هەموو ئەوانە دەکەم کە عاشقی دێمۆکرات‌و ڕێبازی دێمۆکرات‌و ڕێبازی ئازادی‌و سەربەرزین.

بایەخ دان بە فێربوون‌و فێرکردن یەکێکە لە میراتەکانی ڕێبەرانی شەهید لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەدو یادگارێکە لە یادگارەکانی کۆماری کوردستان. ئەو ئەسڵە کە دەڵێین دەبێ زیاتر بزانین بۆ ئەوەی کە باشتر تێ‌بکۆشین لە کۆنەوە لە بەرچاوی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و تێکۆشەرانی کورد بووە. ئەگەر تەماشای دەورانی جمهووری بکەین ئەو دەورانە کورتە بەڵام پڕ لە شانازی‌یە، بێجگە لەوەی لە هەموو مەیدانەکان‌دا لە بواری سیاسی‌دا، لە بواری نیزامی‌داو بۆ یەکەم جار لە بواری خوێندن‌و فێربوونی زمانی کوردی‌دا فەعالیەتێکی زۆرو تێکۆشانێکی زۆر کراوە هەروا بزانە پێشبڕکێیانە لە گەڵ دەوران کە درەنگ هاتوون، دەبێ زوو بگەنێ، بێجگە لە هەمووی ئەوانە تەوەجوه بەوە کراوە کە بۆ فێربوونی زیاتر، لاوانی کورد بنێردرێنە دەرەوەی وڵاتیش، لە دەرەوەی وڵاتێش هێندێك شتی تازە فێر بن. لە پاش ئەو وەختی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هیچ وەخت خافڵ نەبووە لە پێگەیاندنی ئەندامەکانی خۆی لە هەموو بوارەکانی تەشکیلاتی، سیاسی، تاریخی، جوغرافیایی‌و ئەوشتانە کە بۆ تێکۆشەران پێویستن. بەڵام دیارە هەر کەسێك لە دەورانێکدا موبارزەو تێکۆشانی هەیە، هەر دەورانێك لە تێکۆشان دەرەتانی خۆی هەیەو جۆرێکی دیکە لە تواناکان‌و ئیمکاناتی هەیە؛ لە دەورانی خەباتی نهێنی‌داو یا لە دەورانی خەباتی دەربەدەری‌دا دیسانەکە حیزبی دێمۆکرات هیچ وەخت لە ئەهەمیەت‌و بایەخی فێرکردن‌و پێگەیاندن خافڵ نەبووە. ڕێبەری لە دەست چوومان، مامۆستای گەورەمان دوکتۆر قاسملوو یەکێك بوو لەوانە کە بایەخی یەکجار زۆریان بۆ فێربوون دادەنا. ئەوە بە ڕاستی دەبێ دەرسێك بێ کە لە گەڵ ئەوەی لە هەموومانی پتر دەزانی، هیچ زیادم نەگوتوە کە بڵێم لە هەموومان پتر هەوڵی دەدا فێر بێ بە خوێندنەوە، بە گوێ ڕاگرتن لە ڕادیۆ، بە بەحس‌و موناقەشە، تەنانەت لە ڕەفیقەکانی خۆی، لەوانە کە دەبوو سەد ساڵ قوتابیی وی بن لەوانیش فێر بێ.

لە پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران‌و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی‌و هاتنە سەر کاری جمهووریی ئیسلامی دیسانەکە حیزبی دێمۆکرات قۆڵی هیمەتی بۆ فێرکردنی ئەندامەکانی‌و تێکۆشەرەکانی لە بواری جۆراوجۆردا هەڵماڵی. ڕەنگە زۆر کەس نەزانێ کە ئێستێ واریدی ساڵی ٥٨ نەببوون، لە ساڵی ٥٧دا لە هێندێك شاران یەك لەوان کە من لە بیرمە لە مەهابادێ دەورەی چووکەڵە چووکەڵەمان کردنەوە، لە پێش‌دا بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی کوردی کە دەزانن لە سایەی سیاسەتی ڕێژیمەکانی حاکم بە سەر کوردستاندا میللەتی کورد حەتا لەو مافە سەرەتایی‌یەش بێ‌بەش بووو لە پاشان کە حیزب تەشکیلاتێکی دیکەی دامەزراند بە پێی زەروورەت هێزی پێشمەرگەی ڕێك خست، هەر لە بەهاری ١٣٥٨دا، وردتر بڵێم لە خاکەلێوەی ١٣٥٨دا ئەوەڵین دەورەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی لە شاری مەهاباد کردەوە. لە پاش ئەوە دەزانین کە لە چەند شوێنی دیکە، حیزب دەورەی سیاسی، دەورەی نیزامیی کردنەوە.

ئەوەی ئەوڕۆکە جێژنی ١٥٠هەمین دەورەی بۆ دەگرین تەنیا ئەو مەرحەلەیەیە کە لە ساڵی ١٣٦٢دا دەست پێ دەکا کە بە دامەزراندنی زانکۆی سیاسی ـ نیزامیی یا زانکۆی پێشمەرگایەتی دەستی پێ کرد، بەڵام پاش ساڵێك ناوی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی لە سەر دانرا. لەو ماوەیەدا هەروەك گوترا ١٥٠ دەورە لەو بوارەدا پێ‌گەیشتوە. ئەمە جیا لەو دەورانەیە کە هەر لە فێرگە لە بوارەکانی مودیریەت، پێگەیاندنی کادری سیاسی، تەنانەت کادری دەرمانی‌و بوارەکانی پێویست بۆ خەبات‌و تێکۆشان دا کراونەوە. هەروەها لە خاریجی فێرگەش زۆر جار هێندێك کلاس کراونەوە بۆ پێگەیاندنی کادری سیاسی.

لەو ١٥٠ دەورەیەدا بە بێ‌شك هەزاران لاوی کچ‌و کوڕی کورد فێری هێندێك هونەری نیزامی بوون‌و فێری هێندێك زانستی سیاسی بوون لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. هەموومان دەزانین‌و پێویست بە شاردنەوە نیە کە ئەو هەزاران کەسەی لەو فێرگانەو لەو دەورانەدا پێ‌گەیشتووون، ئێستێ هەموویان لێرە نین؛ بەشێك لەوان عەهدی خۆیان بردۆتە سەرێ‌و لە ڕێگای ئامانجەکانیاندا گیانیان بەخت کردوە، بەشێکیان بە هۆی جۆراوجۆر لە ئێمە تێکۆشەرانی تەواو وەختی حیزبی دێمۆکرات جیا بوونەوە یا بە دەلایلی نەخۆشی‌و موشکیلاتی ژیان دانیشتوون، خەریکی کارو کاسبی بوون یا ڕوویان لە جێیان کردوە، بەڵام هەمووی ئەوانە سەرمایەن. شەهیدەکان وەك هەموو شەهیدەکانی دیکە ئەو مەشغەڵەن کە ڕێگای خەبات‌و تێکۆشان بۆ ئێمە و بۆ نەوەکانی ئایەندەشمان ڕوون دەکەنەوە ، ئەوانی دیکەش ئەگەر موشکیلاتی ژیان ڕۆژێك لە ڕۆژان چەکی پێشمەرگایەتیی پێ وەلا ناون لە ئایەندەدا هەموویان دەست مایەن بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌و بۆ بزووتنەوەی کورد چ ئەوانەی لەم بەشەی کوردستاندا دانیشتوون و چ ئەوانەی ڕوویان کردۆتە وڵاتانی دەرەوە.





لە پێگەیاندنی ئەم ١٥٠ دەورەیەو هەروەها دەورەکانی پێشوودا زۆر کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە ڕەدەی جۆراوجۆردا هەر لە دەفتەری سیاسی‌ڕا بگرە تا دەگاتە کادرەکانی پلەی خوارەوە زەحمەتیان کێشاوەو دەرسیان گوتووەتەوە. ڕەنگە فێرگە بەرنامەی هەبێ ناوی زۆر لەو کەسانە لێرە بۆ ئێوە باس بکاو زۆریان بناسێنێ. بەڵام پێم خۆشە ئەمن لێرەدا یادی چەند کەس لە ڕێبەرانی سیاسی‌و نیزامی حیزب بکەم کە بە داخەوە ئیدی ئێستا هەر ئیفتخارەکەیان بۆ ئێمە هەیە، حزووریان لە نێو جەمعی ئێمەدا نیە هەر چەندە حزووری مەعنەوی‌یان قەت لە ئێمە غایب نابێ؛ لەوانە دوکتۆر قاسملووی شەهید، دوکتور شەرەفکەندی، کاك سەیدسەلام عەزیزی، کاك سەرگوردکەریمی عەلیار، کاك سەروان ئەحمەدی جاویدفەرو دەیان‌و بگرە سەدان کەسی دیکە کە بەشێکیان شەهید بوون، بەڵام بە خۆشی‌یەوە بەشی زۆریان ئێستا لە حاڵی حەیات دان‌و هەر کەسە لە شوێنی خۆی لە خەبات‌و تێکۆشانی میللەتەکەماندا بەشدارە. هەروەها ئەم دەورەیە کە لە ساڵی ١٣٦٢وە دەست پێ دەکا چەند کەس لە ئەندامی ڕێبەرایەتی زەحمەتیان تێدا کێشاوە مودیرییەتەکەیان وەئەستۆ گرتوە. ئەگەر بمهەوێ بە تەرتیب ناوی ئەوانە باس بکەم هیوادارم لە تەرتیبەکەی‌دا ئیشتباه نەکەم. لە پێش‌دا کاك چەکۆیە، پاشان کاك مستەفای هیجری‌یە، دواتر کاك حوسێن مەدەنی‌یە، کاك دوکتۆرخەلێقی‌یە، کاك سەیدسەلام عەزیزی‌یە، کاك کاوە بەهرامی‌یەو کاك عومەر باڵەکی‌یە کە ئێستا خزمەتی خۆی لەو بوارەدا ئیدامە دەدا. لێرەدا سڵاوو درووود دەنێرین بۆ گیانی ئەو کەسانە کە لە بواری مامۆستایەتی‌و فێرکردندا زەحمەتیان کێشاوەو شەهید بوون. تەنیا کەس لەو عەزیزانە کە مودیرییەتەکەیان لە ئەستۆ بووەو بە داخەوە ئەویش لە نێوماندا نەماوە، شەهید بووە کاك سەیدسەلام عەزیزی‌یە. تەوفیق‌و لەش ساغی بۆ ئەوانە کە هەتا ئێستا دەگەڵمانن، لە نێومان دان‌و ئیدامە دەدەن بە ڕێگاکە بە ئاوات دەخوازم.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!** دەورانەکەمان گۆڕاوە، وڵاتەکەمان گۆڕاوە، هەلومەرجی خەباتەکەشمان گۆڕاوە. ئینسان هیچ وەخت ناگاتە جێگایەکی کە ئێحتیاجی بە فێربوون نەمێنێ، بەڵام گۆڕانی زەمان، گۆڕانی دەوران، گۆڕانی هەلومەرجی تێکۆشان دەبێ گۆڕانی فێربوون‌و فێرکردنیشی بەدوادا بێ. نامانهەوێ ئومیدی واهی بدەین بە هیچ کەس، نامانهەوێ تاریخ بۆ گۆڕانێکی ئەساسی لە وەزعی سیاسیی ئێراندا دیاری بکەین؛ بەڵام بە یەقینەوە، بە ئیتمینانەوە دەڵێین کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی ئایەندەیەکی ڕوونیان لە پێشە هەروەك هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ئێراندا ئایەندەیەکی ڕوونی لە پێشە. ئەگەر چەند ساڵە مەیدانی خەبات‌و تێکۆشانی ئێمە هەمووتان دەزانن لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بووە، هەلومەرجی سیاسی پێمان دەڵێ کە مەیدانێك بە پانی‌و بەرینیی هەموو کوردستان‌و هەموو ئێران‌و هەموو مەنتەقەو هەموو دونیا لە پێش ئێمەدا دەکرێتەوە. ئێمە دەبێ خۆمان بۆ ئەو ڕۆژەو بۆ بە جێهێنانی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژە ئامادە بکەین. لە دەورانی شۆڕشی زانستی‌و تکنۆلوژی‌و دەورانی شۆڕشی ئیتلاعاتی‌دا ئەوەی تا ئێستا فێری بووین ، بەس نیە، نەك کۆن بووەو نابێ فێری بین، ئەوەی تا ئێستا فێری بووین هەتا هەتایە هەر بەکەڵکە. بەڵام دەبێ خۆمان بۆ فێربوونێکی دیکەو وەسیلەیەکی دیکەی فێربوون‌و بۆ شێوەیەکی دیکە لە فێربوون ئامادە بکەین. دەورانی ئەنتەرنێت‌و کامپیوتەرو دەورانی سەتەلایت ئەوەمان لێ داوا دەکا کە بە پێی گۆڕانی دەوران‌و گۆڕانی وەسیلەکان ئێمە بچینە پێشەوە.

فێرگەی سیاسی-نیزامی تەنیا بنکەی ئامووزشیی ئێمە نیە. ئێمە ئورگانی دیکەمان هەیە هەر ناوی فێرکردنی لە سەرە، کومێسیۆنی فێرکردن "کومێسیۆنی ئامووزش"، بێجگە لەوە هەموو ئورگانەکانی حیزب ئەرکی پێگەیاندنی ئەندامان‌و تێکۆشەرانی حیزبیان لە سەر شانە. دەبێ ئێمە مێتۆدی فێرکردن‌و فێربوون بگۆڕین. دەبێ بەرنامەی دەرسەکانمان بگۆڕین، دەبێ مەیدانی فێربوونەکانمان بگۆڕین. نەك تەنیا لە فێرگە، نەك تەنیا لە کومێسیۆنی ئامووزش، نەك تەنیا لەم بەشەی کوردستاندا کە بە شێوەی عەلەنی‌و ئاشکراو ڕەسمی حزوورمان تێی‌دا هەیە. بەڵکوو لە هەموو جێگایەك، لە دەرەوەی وڵات، لە داخلی وڵات، دەبێ ئێمە سەعی بکەین فێر بین، فێر کەین، دەبێ فێری مودیرییەت بین، نەك مودیرییەت تەنیا لە کاروباری هەستەیەکی حیزبی‌دا، کومیتەیەکی حیزبی‌دا، لکێکی پێشمەرگەدا؛ بەڵکوو مودیرییەت لە بواری زۆر بەرینتردا چ لە تەشکیلاتی حیزبی چ لە ئیدارەی ئومووری وڵاتداو چ لە کاری دیپلۆماسی‌دا. دەبێ فێر بین لە گەڵ مودێرنترین کەرەسەکانی دنیای مودێرنی ئەمڕۆ سەرۆکار پەیدا بکەین، کاریان پێ بکەین، مەعلووماتیان لێ وەرگرین، مەعلووماتەکە بدەینەوە بە خەڵك. سەرمایەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەر ئەوانە نین کە لە دەورو بەری خۆمانن، سەرمایەی گەورەو ئەسڵیی ئێمە لە نێوخۆی وڵات دایە؛ ئەو سەدان هەزاران کەس‌و میلیۆن کەسانە کە لە داخڵی وڵات دڵیان بۆ ئازادی لێ دەدا هەموویان دەست مایەو جێگای ئومیدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانن. بەڵام هەر کام لە ئێمەش هەم خەڵك ئینتزاری لێی هەیە، هەم وەزایفی لە پێش دایە. ڕەنگە یەکێکمان کە ئێستێ ئەرکی بەڕێوەبردنی شانەیەکی حیزبی یا ئورگانێکی چووکەڵەی پێشمەرگایەتیی لە ئەستۆیە، سبەینێ لە خەباتی ئایەندەدا شارستانێك، ئیدارەی شارستانێکی لە باری تەشکیلاتیەوە، لە باری کۆمەڵایەتیەوە پێ بسپێرن.

کەوابوو دەبێ خۆمان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەین، ئەو ئامادە کردنە هەر ئەوە نیە لە سەر کلاسی دەرس بێ، ڕەنگە باشترین مامۆستا و ئەمینترین مامۆستاش بۆ هەر کەسێك خۆی‌و هەوڵی تەك نەفەری بێ. بەڵام ئیجازە دەخوازم بە ناوی هەموو دەفتەری سیاسی‌یەوە بڵێم لەو پێناوەدا حیزبی دێمۆکرات هیچ بوخلێکی نابێ بۆ پێگەیاندنی تێکۆشەرانی حیزب بە تایبەتی کادری پێشەوەو پەروەردە کردنیان بەو شتانە کە بۆ دنیای ئەمڕۆ پێویستن. ئەگەر لەو بوارەدا ئێحتیاجمان بوو بە کڕینی کەرەسەی مودێرنتر لەوەی کە ئێستێ هەمانە دەبێ مایەی بۆ دانێین، بیکڕین. ئەگەر پێویستیی بەوەی بوو مامۆستا لە دەرەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات بێنین، دەبێ بۆی بێنین چۆنکە ئایەندە شتێکی دیکەمان لێ دەخوازێ. لە بەر ئەوەی کە ڕەنگە بەرنامەی دیکەمان هەبێ، بە تایبەتی جێژنە، جێژنی پایانی فێرگەیە ئەمن نامهەوێ زۆرتر وەختتان بگرم. جارێکی دیکە پیرۆزبایی‌و ماندوو نەبوونی لە هەموو هاوڕێیانی فێرگەی سیاسی-نیزامی دەکەم.

جارێکی دیکە سڵاو بۆ هەمووی ئەوانە دەنێرم کە لە بەڕێوەبردنی فێرگەی سیاسی-نیزامی‌و فێرگەکانی دیکەمان یان لە پێگەیاندنی لاوەکاندا نەخشیان بووەو زەحمەتیان کێشاوە.

دیسان پیرۆزبایی بە دەرچوانی دەورەی ١٥٠ی فێرگەی سیاسی-نیزامی دەڵێم. تەوفیقی ئەوان‌و تەوفیقی هەموومان‌و تەوفیقی میللەتەکەمان‌و تەوفیقی وڵاتەکەمان لە گەیشتن بە ئازادی‌و دێمۆکراسی دا بە ئاوات دەخوازم.

ئێوەش ساخ‌و سڵامەت بن.

* * *

# جێژنی ڕێزلێنان

## لە قوتابیی و خوێندکارە سەرکەوتووەکانی حیزب





ڕۆژی ٥ی خەرمانانی ئەمساڵ، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك چەند ساڵی رابردوو، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بۆ ڕێزنان لەو قوتابیی و خوێندکارانە پێك هێنا کە ساڵی خوێندنیان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هێناوە. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"سەدان بنەماڵەی کوردی ئێرانی بەبۆنەی تێکۆشانی سەرپەرستو ئەندامانیان لە ریزی حیزبدا، ئاوارەی کوردستانی عێراق بوون. "کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان" سەر بە حیزبی دێموکرات، سەرپەرستیی خوێندنی کوڕان و کچانی قوتابیی و خوێندکاری ئەو بنەماڵانە دەکا. قوتابییەکان خوێندنی سەرەتایی لەو قوتابخانەدا تەواو دەکەن کە لە کەمپەکانی بنەماڵە حیزبییەکان لە کوردستانی عێراقدا پێك هاتوون. بۆ قوناغەکانی ناوەندیی و دواناوەندیی و زانستگەش دەچنە شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق. کۆڕی پەروەردەو کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب لە هەموو قوناغەکاندا کۆمەڵێك ئیمکانات و کارئاسانی بۆ ئەو قوتابیی و خوێندکارانە پێك دێنن و هەموو ساڵێش، ڕێوڕەسمی ڕێزنان لە قوتابیی و خوێندکارە سەرکەوتووەکان بەڕێوە دەبەن.

لە جێژنی قوتابیی و خوێندکارە سەرکەوتووەکانی ئەمساڵدا، جگە لە سکرتێری گشتیی و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و ڕێبەرایەتیی حیزب، کۆمەڵێك لە بەرپرسان و مامۆستایانی ئیدارەی پەروەردە لە شاری کۆیەو شانبەشانی بەرپرسانی کۆڕی پەروەردو قوتابخانەکانی حیزب و مامۆستا حیزبییەکان، لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون کە بە بەشداریی سەدان قوتابیی قوناغەکانی ناوەندی، دواناوەندیی و زانستگەو بنەماڵەکانیان پێك هاتبوو. پێویستە بگوترێ کۆڕی پەروەردەی حیزب پێشتر لە مانگی گەلاوێژدا، لە هەموو کەمپەکانی بنەماڵە حیزبییەکان ڕێوڕەسمی تایبەتی بۆ قوتابیییە سەرکەوتووەکانی قوناغی سەرەتایی بەڕێوە بردبوو.

لە ڕێوڕەسمی ئەمساڵدا، بەدوای دەستپێکردنی بەرنامەو سروودێك لە ستایشی خوێندن و زانستدا، هاوڕێی بەڕێز حەسەن ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب، وتارێکی پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکە بەرنامەکەدا، مامۆستا ئەعزەم رەحماندووست، راپۆرتی ساڵانەی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی خوێندەوە. دواتر سکرتێری گشتیی حیزب، بەرپرس و ئەندامانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، خەڵاتەکانی ئەو کۆمیسیۆنەیان بەسەر قوتابیی و خوێندکارە سەرکەوتووەکاندا دابەش کرد. هەر لەو مەراسمەدا، پەیامی قوتابیی و خوێندکارە سەرکەوتووەکان و هەروەها پەیامی بنەماڵەکان خوێندرایەوە. قوتابییان خوێندکاران و هەروەها بنەماڵەکانیان، سوپاسی هاوکاریی و دڵسۆزیی بێدریغی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت خۆیانەوە کردبوو بە پێزانینەوە یادی زەحمەت و تێکۆشانی مامۆستایان و بەرپرسانی بواری پەروەردەو فێرکردنیان کردبۆوە.

لەماوەی بەرنامەکەدا، قوتابییان و خوێندکاران بە هاوکاریی هاوڕێیان ماندوویی نەناسی کۆڕی هونەریی حیزب چەند سروود و گۆرانییان پێشکەش کرد. ڕێوڕەسم لەنێو هەڵپەرکێی قوتابییان و خوێندکاران و گرتنی وێنەی یادگاریی قوتابییان و خوێندکاران لەگەڵ مامۆستاکانیان و بەرپرسانی حیزبدا کۆتایی پێ هات.

❊❊❊

# وتاری هاوڕێی بەڕێز حەسەن ڕەستگار

## لە ڕێوڕەسمی جێژنی قوتابیان و خوێندکارە سەرکەوتووەکانی حیزبدا





**بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب! میوانە بەڕێزەکان!**

**هاوڕێیانی بەڕێزی دەفتەری سیاسیی و سەرکردایەتیی حیزب! مامۆستایانی ئازیز! قوتابییە خۆشەویستەکان، دایك و بابی قوتابییان، هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگە.**

**بە بۆنەی بەشداریتان لە ڕێوڕەسمی جێژنی دەرچوونی قوتابییە خۆشەویستەکان لە ساڵەکانی ۸۲ ـ ۸۱ ی خوێندندا، بە خێرهاتنتان دەکەم و سوپاس بۆ بەشداریتان لەو ڕێوڕەسمەدا.**

بێگومان بۆ هیچ لایەك شاراوە نییە کە بەردی بناخەی گەشە کردن و پێشکەوتنی هەر دەستەو تاقم و گەل و هۆزێك، رادەی زانیاریی و خوێندەواریی ئەو گەل و هۆزانەیە، هەر وەکوو دەبینین لە رادەی جیهانیشدا ئەو گەل و نەتەوانەی کە لە بواری زانست و تێکنۆلۆژیدا زۆرتر بەرەو پێش چوون، باری ژیان و گوزەرانیشیان بەو پێیە چۆتە سەرو نەخشیان لە بەڕێوە بردن و سیستمی سیاسیی جیهاندا لە سەرترە. لەو روانگەوە دوژمنانی ئازادیی نەتەوەکەمان هەمیشە هەوڵیان داوە کوردستان و خەڵکی کوردستان لە پاشکەوتوویی فەرهەنگیی و ئابووریدا رابگرن. بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خاوەنی ئەو وشیارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە نەبن کە بۆ ئازادیی و سەربەستیی نەتەوەیەك پێویستە. بەو حاڵەش ئەگەر سەیری مێژووی رابردوومان بکەین دەبینین کە دەسەڵاتدارە کوردەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و هەروەها لە ئەمیرنشینەکاندا، هەوڵی ئەوەیان داوە ئەم بۆشاییییە بە دابین کردنی بنکەی خوێندەواریی و کۆکردنەوەو دەست بە سەرداهێنانی شاعیران و نووسەران و خوێندەوارە پلە بەرزەکان بە گوێری زەمان پر بکەنەوە ، هەستی نیشتمانپەروەریی و خۆبەڕێوە بردن پەرە پێ بدەن. لە قوناخی نوێی خەباتی نەتەوەکەشماندا ئەو دیاردەیە بۆ حیزبە کوردەکان بەجێ ماوە، کە هەر لە سەرەتای دروست بوونیانەوە کە زۆرتر بە هۆی توێژی خوێندەوارەوە بووە، هەوڵیان داوە وشیاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا بڵاو بکەنەوەو گەشەی پێ بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان و هەروەها خۆ ئامادە کردن بۆ پێك هێنانی وڵاتێکی ئازادو ئاوەدان و دێموکرات هەوڵی داوە هەرچی زۆرتر رووناکبیرانی شۆڕشگێر لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە، و ئەرکی نیشتمانیی خەبات بۆ ئازادیی گەلی کوردو وشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك سەبارەت بە مافە رەواکانیان پێ بسپێری.

بە دوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ۱۳۵۷ بە دەست گەلانی ئێران و دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، بە هەزاران لە رووناکبیران و خەڵکی نیشتمانپەروەر هاتنە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات و بەشێکی زۆر لە شارو شاروچکەو گوندەکانی کوردستان کەوتنە ژێر چاوەدێریی و بەرپرسایەتیی حیزب، کە دەبوایە خەمخۆری بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارە کردنی ئەو ناوچانە کرابایەوە کە دەکەوتە ژێر دەسەلاتی کورد خۆیەوە، لە پێش هەمووشیانەوە خوێندن و خوێندنەوەو نووسین بە زمانی کوردی کە لە لایەن ڕێژیمی رووخاوی پەهلەوی لە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران قەدەغە کرابوو.

بە دوایی هێرشی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان و بە جێ هێشتنی زۆربەی شارەکان لەلایەن حیزبی دێموکرات و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دیکەی کوردستانەوە، حیزب بریاریدا سەرەرای ئەرکی سەختی بەربەرەکانێ لەگەل سوپای زۆرو زەوەندی ڕێژیم و بەرگری لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان، خوێندن درێژەی پێ بدرێ و قوتابخانەکان لە کاری خوێندن نەوەستن، بە کەڵك وەرگرتن لە کۆمەڵێکی زۆری مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و دوا ناوەندی کە لە ریزی حیزبی دێموکراتدا تێدەکۆشان و خەباتیان دەکرد، کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان پێك هات.

بۆ ئەم مەبەستە لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستان دەورەی فێر کردنی زمانی کوردی بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکان کرانەوە، حیزب کادرە شارەزاکانی زمانی کوردی بۆ ئەم ئەرکە گرینگە تەرخان کردو لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاکانی قوتابخانەکان فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بوون هەر لە هەمان کاتدا هەوڵ درا بۆ نووسین و چاپی کتێبی هەوەڵی سەرەتایی و کتێبی خوێندنی کوردیی گەورەساڵان، کە دوای چاپ کران و کەوتنە بەردەستی قوتابییان.

"کۆڕی پەروەردەو فێر کردنی سەرانسەریی کوردستان" بە هاوکاریی و پشتیوانیی تەواوی حیزب، زۆربەی قوتابخانە ناوچە ئازادەکانی کوردستانی ئاوەدان کردنەوە و قوتابییانی ئەو بەشە لە کوردستان، خەریکی خوێندن بوون. دیارە زەحمەت و کوێرەوەرییەکی کە مامۆستایانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە دەورانی بەڕێوەبردنی ئەرکی نیشتمانیی خۆیاندا بۆ خوێندەوار کردن و پەروەردە کردنی قوتابییان و منداڵانی کوردستان تووشی هاتوون و چێشتوویانە بە هیچ قەڵەم و زمانێك لە گەڕانەوە نایە. سەرەرای ئەوە، کۆمەڵێك لەو مامۆستا شەریف و لە خۆ بوردوانە لە جەریانی بەڕێوە بردنی ئەرکی ئینسانیی و نیشتمانیی خۆیان بە دەست سوپای جەهل و نەزانیدا شەهید کراون کە داخێکی گەورەیان بۆ قوتابییان و شانازییەکیان بۆ زانست و خەباتی رەوای گەلەکەیان بە جێ هێشتوە.

سەمیرەی مەخمەلباف کچە هونەرمەندی سینمای ئێران فیلمێکی سینەمایی بە ناوی "تەختە رەش"، لە هەوڵ و کوششی مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان لە کاتی شەری ئێران و عێراقدا، دروست کردوە. ئەو فیلمە لە فستیڤالی سینەمایی نێونەتەوەییدا خەڵاتی وەرگرت، رەنگە مەبەستی سەمیرەی مەخمەلباف ئەو بەشە لە قوتابخانەو مامۆستایانی "کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان" نەبووبێ، بەڵام هەر نەبێ گۆشەیەك لەو هەوڵ و زەحمەت و کوێرەوەرییانە نیشان دەدا کە مامۆستایانی قوتابخانەکان لە کوردستان تووشی هاتوون. دیارە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان دەرفەتی ئەوە دەست کەوێ زەحمەت و دەردەسەریی و نیشتمانپەروەریی ئەو مامۆستایانە کە ناسرابوون بە "مامۆستای شۆڕش" نیشان بدرێ، بە هەموو ئەو فیلم و عەکس و بەڵگانەوە کە لە ئیختیار حیزب و هەواڵنێرە بیانییەکان دان، بێگومان شاکارێك دەبێ لە هەوڵی پێشڕەوانی نەتەوەکەمان بۆ زاڵبوون بە سەر نەخوێندەواریدا و، پێشاندەری هیممەت و ئیرادەی گەلێك دەبێ کە دەیەوێ ئازاد بژی.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**میوانە بەڕێزەکان!**

حیزبی ئێمە لە نێو ریزەکانی کادرو پێشمەرگەی خۆشیدا هیچ کاتێك لە پەروەردەو پێگەیاندن و خوێندەوار کردن خافل نەبووەو بە دەیان دەورەی فێرکردن و راهێنانی داناوە کە ئێستا دەتوانین بڵێین لە نێو ریزەکانی حیزبدا نەخوێندەواری نەماوەو ئەگەر هەش بێ ئەوەندە کەمە وەبەرچاو نایە. بەڵام ئەوەی ئێستا بۆی لە دەوری یەك کۆبووینەوەو جێژنی بۆ دەگرین سەرکەوتنی ئەو قوتابیی و خوێندکارانەیە کە رۆڵەی کادرو پێشمەرگەکانمانن. حیزبی دێموکرات ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ بۆ پەروەردەو فێرکردنیان هەوڵی داوەو هیچ کات نەیهێشتوە لە خوێندن دوا بکەون، چ ئەو کاتانە کە لە چیاو دۆڵەکانی کوردستاندا لە ژێر رەهێڵەی ئاوری فڕۆکەو تۆپ بارانی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون و چ ئەو کاتانەی لە کەمپەکان لە کوردستانی عێراقدا مەترسیی تیرۆرو رەشە کوژیی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران هەڕەشەی لێ دەکردن. ئێستا بە خۆشییەوە کۆمەڵێکی بەر چاو لەقوتابییانمان بە هەوڵ و کار ئاسانیی حیزب، لە دەرەوەی کوردستان درێژە بە خوێندنی باڵا دەدەن یان خوێندنیان تەواو کردوە، سەدانی دیکەش لە قۆناغی ناوەندیی و دوا ناوەندیی و زانستگە لە هەرێمی کوردستانی ئازاددا خەریکی درێژەدان بەخوێندنی خۆیانن. ئەمە بێجگە لەسەدان قوتابی کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا لە کەمپەکانی حیزبدا پەروەردە دەکرێن.

لێرەدا جێی خۆیەتی کە سوپاسی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەین کە لە وەرگرتنی قوتابییانی ئێمە لە قوتابخانەکاندا، درێغیان نەکردوە. هەروەها سوپاسی گەرمی بەڕێوەبەران و مامۆستایانی قوتابخانەکانی ناوەندیی و دوا ناوەندیی و زانستگە دەکەین کە ئەرکی قورسی پەروەردە کردنی قوتابییانی ئێمەیان بە ئەستۆ گرتووەو بە دڵسۆزییەوە بۆ راهێنانیان تێکۆشاون. سڵاو و ماندوو نەبوون بۆ مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان.

قوتابییە ئازیزەکان! جێژنی سەرکەوتنتان پیرۆز بێ، سەرکەوتنی زۆرترتان لە ساڵانی داهاتوودا بە ئاوات دەخوازین.

هەر بژین

# هەواڵو راپۆرت

## سنە:

### کەڵك وەرگرتن لە تاکسی بۆ کاری ئیتلاعاتی

ماوەیەکە لە شاری سنە ژمارەیەك لە بەکرێگیراوانی ئیدارەی ئیتلاعات و ستادی خەبەری لە ناوەندی "تاکسیڕانی"ی ئەو شارەدا دامەزراون. مەبەست لەو کارە ئەوەیە کە بە هێنانەگۆڕی هێندێ باسی سیاسی لەگەڵ موسافیرەکاندا و بە دانانی شریتی گۆرانیو سروودی میللیو نەتەوەیی کەسانی نیشتمانپەروەر بدۆزنەوەو بە ڕێژیمیان بناسێنن.

بە پێی هێندێ بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، یەکیەتیی تاکسیڕانیو تەواوی بنیاتە نیزامییەکانی شاری سنە لەو وەزعە ئاگادارنو بەشداری لەو هەوڵە تازەیەی ئیتلاعاتییەکاندا دەکەن.

### تەقینەوەی نارنجۆکێك

ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی لە ئاوایی "قەڵاپێوەند"ی سەربە ناوچەی "ساراڵ"ی شاری سنە، ژنێك بەناوی رابیعە سەعیدی، کچی عەبدول محەممەد، نارنجۆکێك دەدۆزێتەوە. بەهۆی دەسکاری، نارنجۆکەکە دەتەقێتەوەو بە داخەوە ژنەکەش گیانی لە دەست دەدا.

## مەریوان:

### پرۆژەی بە تاڵان بردنی ئاسەوارە مێژووییەکان

ماوەی چەند ساڵێکە لە لایەن داروەدەستەی ڕەفسەنجانییەوە، پڕۆژەی بە تاڵان بردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستانی ئێران دەستی پێکردوەو تاکوو ئێستاش هەروا بە توندیو بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. هەر ئەو تاقمە ئێستا بە ناوی گەلاڵەی لێکۆڵینەوە بە بۆنەی ساڵی نێونەتەوەیی ئاوەوە لە ناوچەکانی پاوەو مەریواندا بە مەبەستی دەستنیشانکردنو بەتاڵان بردنی ئاسەوارەکانی ئەو ناوچانە بترگەو بنەیان ختستوە. دیارە بەرپرسی ئەو کارە لەو ناوچەیەدا کەسێکە بە ناوی "ڕەفیقی" کە خەڵکی تارانەو ئێستا لە ئاوایی "بڵبەر" سەر بە شاری مەریواندا نیشتەجێیەوەو خەریکی بەڕێوەبردنی پڕۆژەی تاڵانی شوێنەوارە مێژووییەکانە.

### فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب

#### کرانەوەی دوو پێشانگا بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سەدوپەنجاهەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

ڕۆژی یەكشەممە ٢ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، پەنجاو هەشتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هەروەها کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی سەدو پەنجاهەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەوە، دوو پێشانگا لە ساڵۆنی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیدا کرانەوە.

پێشانگای یەکەم، پێشانگایەکی نموداری کارو تێکۆشانی فێرگەو دەورە جۆراوجۆرەکانی بوو کە تێیدا وەزعییەتی دەورەکان لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا هەڵسەنگێندرابوو کە لەودا نێوەنجی تەمەنو بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەوارییو رادەی بەشداری کچانو کوڕانو. . . نیشان درابوو.



**پێشانگای دووهەم، پێشانگای چەكوچۆڵ بوو کە لە لایەن بەشی نیزامییەوە پێکهاتبوو. ئەو چەكو چۆڵانەبریتی بوون لەو چەكو چۆڵانەی کە ماوەی ٢٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانو بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە کەڵکیان لێوەرگیرابوو.**

**شایانی باسە کە ئەو پێشانگایانە لە لایەن کاك مستەفا هیجری، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامییەوە کرانەوە.**

### کردەوەیەکی دژی فەرهەنگی

**لە درێژەی سیاسەتە دژە فەرهەنگییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، خوێندکارێکی دیکەی کورد لە خوێندنی دوکتورا بێبەش کرا. نامیق غەریبی، خەڵکی شاری سەقز کە لە تاقیکردنەوەی زانستی لە قۆناغی دوکتورادا سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو، لە موساحیبەی گوزینشدا ڕەت کرایەوەو ڕێگای پێنەدرا کە درێژە بە خوێندن بدا.**

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## نۆروێژ:

### ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٢/٥/٢٦ی هەتاوی، بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، پەنجاوهەشتەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری "کریستیانسانە" ڕێوڕەسمێك بەبەشداریی زۆربەی کوردەکانی جنووبی نۆروێژ کە پێك هاتبوون لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانو لایەنگرانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو هونەرمەندانو ئەدیبان، بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزب لە نۆروێژ خوێندرایەوە. بە شوێن ئەودا پەیامەکانی یەکیەتیی نیشتمانیو پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق خوێندرانەوە. شایانی باسە کە ئەو ئاهەنگە بە بەرنامەی هونەری درێژە دراو ٦ سەعاتی خایاند.

## ئوسترالیا:

### چاوپێکەوتنی وەڤدێکی حیزبی لەگەڵ سناتۆر "ئەندرۆ بارتلیت"

ڕۆژی سێشەممە ٤ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی، وەڤدێکی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوسترالیا، پێکهاتوو لە هاوڕێیان قادری عەبدولی، سەلاح پوورئەسەد، مەسعوود پیرانو عوسمان سەنبولی، لەشاری "بریزبن" سەردانی بەڕێز "ئەندرۆ بارتلیت" Andrew Partlett ڕێبەری دێموکراتەکانی ئەو وڵاتەو سناتۆر لە حکوومەتی فیدراڵی ئوسترالیایاندا کرد.

لەو دانیشتنەدا، سەرەتا وەڤدی حیزب کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی وەك حکوومەتێکی تیرۆریستو دیکتاتۆر هێنایە بەرباسو پاشان بە وردی لە بوارەکانی سیاسیو ئابووریو . . .هتددا تیشکیان ختستە سەر بارودۆخی ئێستای ئێرانو هەروەها خەباتی چەندین ساڵەو سیاسەتو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ ناوبراو باس کرد.

پاشان بەڕێز "ئەندرۆ بارتلیت" وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنەو ئاگاداربوون لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو هەروەها بارودۆخی کوردستانی ئێران، ئەوەشی بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند کە پشتیوانیی سیاسی لە جووڵانەوەی کوردو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن.

## ئەمریکا:

### ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

ڕۆژی شەممە یەکی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، پەنجاو هەشتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە لایەن کومیتەی حیزب لەو وڵاتەدا بەڕێوە چوو.

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزب لەو پێوەندییەدا خوێندرایەوە. شایانی باسە کە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە ئیجرای مۆسیقیو خوێندنەوەی شێعرو هەروەها هەڵپەڕکێی جۆراوجۆریکوردی ڕازا بۆوە.

## فینلەند:

### ڕێوڕەسمی پەنجاوهەشتەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزب

ڕۆژی شەممە، ١ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، پەنجاوهەشتەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کومیتەی حیزب لە وڵاتی فینلەند بە بەشداریی زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزب لە وڵاتی فینلەندو هەروەها پەیامەکانی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵەو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی کەلتووری کوردەکانی یۆڤەسکولا، یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، یەکیەتیی کوردان لە سوئێد، کۆمەڵەی ئەهلی حەق لە یۆڤەسکۆلا خوێندرانەوە.

شایانی باسە کە نێو ئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە سروودی شۆڕشگێڕانەو خوێندنەوەی شیعرو پەخشان ڕازابۆوە.

### چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی Etela Suomeh Sanomat لەگەڵ هاوڕێ مەجید حەقی

ڕۆژی سێشەممە، ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی، ڕۆژنامەی Etela a Soumeh Sanomat چاوپێکەوتنێکی بە بۆنەی بستو پێنجەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد لەگەڵ بەڕێز مەجید حەقی، پەنابەری کوردی ئێرانی لەم وڵاتەدا پێك هێنا. لەو چاوپێکەوتنەدا وێڕای تاوتوێکردنی چەمکی جیهاد لە ئایینی ئیسلامدا و دەرئەنجامەکانی بەڕێوەبردنی ئەو چەمکەو شێوە جۆراوجۆرەکانی، بە تێروتەسەلی باس لە سیاسەتی دژی گەلییانەی ئەو ڕێژیمەو لە سێدارەدانو زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازاکانی گەلی کورد بە دەستی ئەو ڕێژیمە کرا. لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەدا کاك مەجید ئاماژەی بە ڕێپێوانە خوێندکارییەکانی ئەو دواییانەی شاری ورمێ لە کوردستانی ئێراندا کرد کە لانیکەم ٣٥٠ کەسی تێدا گیرانو ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کران. پاشان هەڵسەنگاندنیان هەبوو لە سەر بارودۆخی دوو بەشی کوردستانی عێراقو ئێرانو جیاوازییەکانی ئەو دوو بەشە لە کوردستان کە بە بڕوای کاك مەجید حەقی ڕەوشی ئێستای کوردستانی عێراق بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هێندێ باسی نوێی سیاسیو فەرهەنگیو . .. لە کوردستانی ئێراندا. هەروەها کاك مەجید ئاماژەی بە کەموکوڕییەکانی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمو جیاوازی دانانەکانی کردو چەند باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هێنایە گۆڕێ.

### چەند دیدارو چاوپێکەوتنی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب

ڕۆژی سێشەممە، ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی بە بۆنەی بیستو پێنجەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی فێنلاند، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە خاتوو "ئاریا کانۆلا"دا پێك هێنا. لەو چاوپێکەتنەدا لە سەر فەرمانی جیهادی خومەینیو جۆرەکانی ئەو جیهادە بە پێی بنەماکانی مەزهەبی شیعە لە ئێرانی ئێستادا باسو لێدوانێکی تێرو تەسەل کرا. هەروەها لە بەشێکی دانیشتنەکەدا باسی قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتو ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران، ١٨ی پووشپەڕو پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە لە بواری مافی مرۆڤدا کرا.

هەر لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە فێنلاند، ڕۆژی هەینی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٢ی هەتاوی بە مەبەستی نوێکردنەوەی پێوەندیی نێوان کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی یەکیەتیی چەپەکانی ئەو وڵاتە، سەردانی بەڕێز پێککا ڕێستیلە Pekka Ristila ی سکرتێری سیاسیی یەکیەتیی چەپەکانو بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو حیزبەی کرد. لەو دانیشتنەدا، هەردوولا لە سەر پێویستیی پتەوکردنی پێوەندییەکانیانو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کوردو هەروەها سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو تیرۆریزمی ئەو ڕێژیمە دەرهەق بە گەلی کوردو شێوەی مامەڵەکردنی لە سەر ئاستی نێونەتەوەییدا بە وردی قسەیان کرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا هەیئەتی کومیتەی حیزب لەو وڵاتەدا بەشداری لە ئاهەنگی سەدەمین ساڵڤەگەڕی پرۆگرامی "فۆرسا"دا کرد. سەد ساڵ لەمەوبەر (١٩٠٣) حیزبی سۆسیال دێموکراتی فێنلاند لە کۆنگرەی شاری فۆرسادا بەرنامەیەکیان پەسەند کرد کە بوو بە هۆی گۆڕانی مێژووی ئەو وڵاتەو تەنانەت ڕەنگدانەوەشی لە ئاستی جیهانیدا هەبوو. ئەو پرۆگرامە ئەم ئاکامانەی لێکەوتەوە:

یەکسانیی کۆمەڵایەتی، مافی خوێندنی خۆڕایی، یەکسانیی ژنو پیاو لە هەڵبژاردنداو . . . هتد. شایانی باسە ئەو حیزبە ئێستاش دوای سەد ساڵ، وەك یەکەم حیزبی فێنلاند ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەدا.

### کۆبوونەوی حیزبی "SV"ی نۆروێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ٥ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی، حیزبی سۆسیالیستی چەپی نۆروێژ، کۆبوونەوەیەکی بۆ هێزە سیاسییەکانی ئێران لەو وڵاتە پێك هێنا. مەبەست لە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوەیە، کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر لە سەر ڕەوشی ئێرانو ڕێژیمی ئێران بوو تا لەو ڕێگایەوەو بە پێی ئەو زانیارییانە، ئەو حیزبە سیاسەتەکانی لەگەڵ ئێران داڕێژێتەوە.

شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە نوێنەرانی زۆربەی هەرەزۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژو یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەشدار بوونو زانیاریو بۆچوونەکانی خۆیانیان سەبارەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس کرد.

## کانادا:

### ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

ڕۆژی یەكشەممە ٢ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، پەنجاوهەشتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کومیتەی حیزب لە شاری لەندەنی کانادا، ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆی پێكهێنا.

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزب لە کانادا خوێندرایەوە، بە شوێن ئەودا پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکێش کرا.

ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی پەیامی پیرۆزباییان ناردبوو:

- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- کۆمەڵەی سۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران ـ کۆمەڵە

شایانی باسە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە ئیجرای گۆرانیی کوردیو بە خوێندنەوەی شێعرو پەخشانی نیشتمانی ڕازابۆوە کە تا سەعات ١/٥ی شەو درێژەی کێشا.

***

# پاکتاوکردنی جیابیران

## کورتە خوێندنەوەیەکی کارەساتی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی ئێران (١٣٦٧)

**عەولا بەهرامی**

خەرمانانی ١٣٦٧ بە لوتکەی درندەیی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئاست بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی ئێران دەژمێردرێ. لەو مانگەداو لە درێژەی جینایەتە سامناکەکانی ڕێژیم‌دا چەند هەزار کەس لە بەندی‌یە سیاسی‌یەکان بە بێ لەگۆڕێ‌دا بوونی موحاکمەیەکی عادلانە بە چاوبەستراوی بەرەو مەیدانەکانی تیرباران راپێچ کران‌و بە کۆمەڵ ئێعدام کران‌و لە گۆڕی بە کۆمەڵ‌داو بە دوور لە چاوی بیروڕای گشتی‌و ئازیزانیان ژێر خاك کران. لەراستی‌دا دەتوانین ئێعدامی زیندانیان بە درێژەی ئاڵقەی ئەو زنجیرە جینایەتانە دانێین کە لەودا مەودای نێوان حاکمیەتی سەرڕۆو جیابیران قووڵترو بەرینتر بۆوە.

چەمکی زیندانیی سیاسی بە شێوەیەکی سیستماتیك‌و سروشتی گرێدراوی ژینگەیەکی سیاسی بەستراوە کە لەودا دەسەڵاتی حاکم‌و لە سەرووی ئەوانیشەوە دیکتاتۆر یا ئیدئۆلۆژیی فەرمانڕەوا ئامادە نیە هیچ دەنگێی جیاواز لە دەنگی زاڵ ببیسێ‌و تەنانەت مەودای ژیانیشی پێ‌بدا. لەم چەشنە ژینگە سیاسی‌یانە دایە کە تاك‌و لایەنی جیابیر لە هەوڵ دان بۆ دابین بوونی سادەترین مافەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا واتە ئازادیی بیرکرانەوەو دەربڕین‌و بوونی بیری سیاسیی جیاواز لە هی دەسەڵات تووشی داپڵۆسین‌و تواندنەوە دێ. بوونی زیندانیی سیاسی‌و زیاتر لەوەش ئازارو ئەشکەنجەی جیابیران‌و کوشتنیان نیشانەی ئەوپەڕی دوژمنایەتیی دەسەڵاتە لەگەڵ دەنگ‌و ڕەنگە جیاوازەکان. چونکە لێرەدا دەسەڵات‌و ڕێبەرانی دەسەڵاتدار، سەرهەڵدانی هەرچەشنە دەنگێکی جیا لە هی خۆیان بە مەترسی‌یەك بۆ سەر ئەو شەرعییەت‌و ڕەوایی‌یە درۆیینە دەزانن کە لە فەزای مۆنۆلۆگ کراو و یەکڕەنگ کراوی کۆمەڵگەدا بە خۆیان‌و بە بۆچوون‌و شێوە دەسەڵاتەکەیان داوە. چونکە لە نەبوونی دەنگە جۆراوجۆرەکان دایە کە توانیویانە خۆیان بە جوانترین‌و کەم وینەترین دانێن.

دەتوانین بڵێین چەمکی زیندانیی سیاسی پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بەو سەرچاوانەوە هەیە کە دیکتاتۆرەکان‌و دەسەڵاتە سەرەڕۆیەکان ڕەوایی‌و بێ‌وێنەیی خۆیانی لێوە هەڵدێنجن. ئەم سەرچاوانە دەتوانن ئیرسی، ئاسمانی، مێژوویی‌و تەنانەت ئەو ئیدئۆلۆژی‌یە دنیایی‌یانەش بن کە ویستوویانە ببنە ژێدەری خوێندنەوە، شیکردنەوەو راڤەی هەموو دیاردەکان‌و داهاتووو. . . لێردایە ڕەخنە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی دەسەڵاتداران واتای خستنە ژێر پرسیاری سەرچاوەی ڕەوایی‌و شەرعییەتی ئەوان دەگەیەنێ‌و لە ئاکامیش‌دا هێرشی دوژمنکارانەی دامودەزگای سەرەڕۆ بۆ سەر لایەنی ڕەخنەگر (تاك یان گرووپ)ی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین لەدایکبوونی چەمکی زیندانیی سیاسی لەخۆی‌دا لە دایکبوونی چەمکی ئێعدام‌و قەڵاچۆی جیابیرانیشە. چونکە ئەو شێوە بیرکردنەوەیەی لە هەنگاوی یەکەم‌دا گوێی بیستنی دەنگی جیاواز لە هی خۆی‌و دیتنی دەنگی جیاواز لە ڕەنگی دڵخوازی خۆی نیە، لە هەنگاوی دواتردا قۆڵ بۆ سڕینەوەی فیزیکیی خاوەنەکانی ئەوانیش هەڵ دەماڵێ.

### خومەینی‌و جیابیران

هەرچەند پێوەندیی نێوان خومەینی‌و جیابیران‌و دواتریش خومەنیسم‌و جیابیران پێوەندی‌یەك نیە بەدەر لە پێوەندی نێوان سەرەڕۆیی‌و جیابیران، بەڵام لێرەداو بۆ ڕوونبوونەوەی هەرچی زیاتر وەك نموونەیەکی زەق‌و بەرچاوی مێژووی تا ئێستای ئێران پێویستە ئاماژەی پێ‌بکرێ.

خومەینی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە بە شێوەی جۆراوجۆرو بە تایبەت بە کەڵك وەرگرتن لە مەرجەعییەتی ئایینیی خۆی لە نێو شیعەکانی ئێران‌دا، هەوڵی دا یەکەم، خۆی وەك ڕێبەری بێ‌ئەملاوئەولای شۆڕشی ١٣٥٧و ئێرانی دوای ئەو شۆڕشە بناسێنێ‌و دووهەم شێوە حکوومەتی دڵخوازی خۆی (حکوومەتی ئیسلامی) کە لە لوتکەی هێرەمی دەسەڵاتەکەی‌دا



دەسەڵاتی کاریزماتیك‌و بێ‌سنووری ئەو هەڵکەوتوە، بسەپێنێ. کە دیارە بە هەردووك لەو مەبەستانە گەیشت. ئەوەش سەرەتایەکی تراژیك بوو بۆ دەسبەسەرداگرتنی کۆمەڵگەو مۆنۆلۆگ کردنی فەزای سیاسیی کۆمەڵگەو هەر لەوکاتەشدا شەرعیەتدان بە دامەزراندنەوەی بەندیخانە کۆنەکانی ڕێژیمی شایەتی‌و پەروەردە کردنی جەللادو سەرەنجام بوونی قوربانی، کە زیندانی سیاسی بێ. لەو دەسپێکەوە ئیدی بیستنی دەنگی جیابیران حەرامە، ئازادی‌یەکان دیاردەی ڕۆژئاوای کافرن‌و . . . ئەوە ئەو دەسپێکە بوو کە بە دروست کردنی فەرهەنگی جیابیر = دوژمن لە نێو لایەنگران‌و کاربەدەستانی حکوومەت‌دا، لە لایەك ڕەوایی دەدا بە سەرکوت‌و کوشتنی جیابیران‌و لە لایەکی دیکەوە ڕێگای لە بەرزبوونەوەی دەنگە جیاوازەکان دەگرت. هەر ئەو فەرهەنگەشە ڕێگا بە جەللادەکانی نێو بەندیخانەکان دەدا، بەبێ سڵ کردنەوە تەنیا بە فەرمانێکی "ڕێبەر"(*) لە ماوەیەکی کورتی کاتی‌داو لە ژێر چاوەدێریی "کومیتەی بەڕێوەبردنی فەرمانی ئیمام"دا حوکمی ئێعدامی چەند هەزار کەس لە زیندانیانی سیاسی بەڕێوە دەبەن، زیندانی‌یە حوکمدراوەکان! بە کۆمەڵ دەکوژن‌و بە کۆمەڵیش لە گۆڕیان دەخەن.

بۆ ناسینی خومەینیی‌و بیرۆکە کارەسات خوڵقێنەکانی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ژینگە مەعریفی‌یەی ـ ئەگەر بکرێ ئەو ناوەی لێ بنێین ـ خومەینی تێ‌دا پەروەردە بووو وای لەو کردبوو نەك تەنیا جیابیرو نەیارە سیاسی‌یەکانی تەکفیر بکاو ژیانیان پێ‌ڕەوا نەبینێ، بەڵکوو تەنانەت ئەوانەش کە ڕۆژانێك شەریکە دەسەڵات‌و بەڕێوەبەری فەرمانەکانی بوون زۆر دڕندانەو بێڕەحمانە داپڵۆسێ.

ژینگەی پەروەردەیی‌و مەعریفیی خومەینی ژینگەیەکە کە لەودا "لبیك" (بەڵێ ئامادەم بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی تۆ) چەمکێکی سەرەکیی‌و بنەمایی‌یەو لەودا فێرخوازان فێردەکرێن بۆ ئەوەی پێڕەوایەتیی خۆیان نیشان بدەن‌و "لبیك" بڵێین. ئەوانەی "لبیك" ناڵێن لەگەڵ ئێمە نین واتە شەرعیەت‌و ڕەوایی بێ‌ئەملاوئەولای ئێمەیان قبوولْ نیەو هەربۆیە پێویستەو دەبێ داپڵۆسێنرێن‌و بسڕێنەوە. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەو ژینگەیە بارهێنانی تاکەکانە لەسەر بنەماکانی دوگماتیزم. ئەو حاڵەتە دوگمایی‌یەی خومەینی لەبیرو جیهانبینی‌دا پێی گەیشتبووو بە پێی ئەو سەیری کۆمەڵگەو سیاسەت وجیهانی دەکرد، وای لەو کردبووو بیرکردنەوەو بیروباوەڕەکانی خۆی بە شێوەیەکی موتڵەق بە باش‌و بێ وێنەو "ڕاست" بزانێ‌و ئەوانەش کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی حەقیقەتە خەیاڵی‌یەکانی‌یەوە (بیروباوەڕە جیاکان‌و هەڵگران‌و لایەنگرانی ئەو بیروڕایانە) بەلاڕێ بزانێ‌و دەزگای سەرکوت بۆ خاشەبڕکردنیان ئامادەو هان بدا.

دیارە پێویستە ئەوە بڵێین، لە کارنامەی بیست‌و پێنج ساڵەی پڕ لە جینایەت‌و دڕندایەتیی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە جیابیرە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران‌و تەنانەت دەرەوەی ئێرانیش (کە کوشتارە بە کۆمەڵەکەی ساڵی ٦٧ نموونەیەکیەتی) تەنیا خومەینی‌و بیروبۆچوونەکانی ڕۆڵگێڕ نین. ئەم کارنامە ڕەش‌و پڕ لە کارەساتەی مێژووی ئێران کە تا ئێستاش هەر کراوەیەو هەر جینایەتی تێ‌دا تۆمار دەکرێ، بەرهەمی ئەو سیستم‌و قوتابخانە دڕندەپەروەرەشە کە خومەینی بنیاتی ناو دوای مەرگی ئەویش بەردەوام خەریکی پەروەردەکردنی جینایەتکارو خوڵقاندنی جینایەت و قوربانی‌یە.

کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی‌و جیابیران لە ساڵی ٦٧دا خەڵکی ئێرانی لە بەهرەو توانای بە هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز، کە بە سەرمایەیەکی گرنگ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئێران دەهاتنە ئەژمار، بێ‌بەش کردو لە بەرانبەریش‌دا مەیدانی بۆ پەروەردەو گۆش بوونی بەرەیەك لە مرۆڤی دۆگم‌و دڕندە خۆش کرد کە ئێستاش کۆمەڵگەکەمان گیرۆدەی کردەوە دڕندانەو بیروبۆچوونە کۆنەپەرستانەکانیانە.

(*) بەزەیی هاتنەوە بە دوژمنان‌دا ساویلکەیی‌یە، لێبڕاویی ئیسلام لە بەرامبەر دوژمنانی خودادا لە بنەما گومانهەڵگرەکانی نیزامی ئیسلامی‌یە، ئاواتەخوازم بە [ نیشاندانی] ڕق‌و تووڕەیی شۆڕشگێڕانەی [!!] خۆتان لەبەرانبەر دوژمنانی ئیسلام‌دا ڕەزامەندیی خودای گەورە وەدەست بێنن ـ وەرگیراو لە بیرەوەری‌یەکانی مونتەزیری ـ

***

# ڕێگای بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا

**ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌و ڕەفتارە دژی گەلی‌و پڕمەترسی‌یەکانی بەرەوروو بێتەوە، دەبێ واز لە سیاسەتی سازان‌و نەرمکێشان‌و ترسان لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە بێنێ**

کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا پڕە لە کردەوەی جینایەتکارانە، قانوون شکێنانەو دژ بە مافەکانی مرۆڤ‌و بایەخە ئینسانی‌یەکان. هەربۆیەش لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا دەیان جارو بگرە سەدان جار لە لایەن کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکان مەحکووم کراوەو داوای لێکراوە واز لەو ڕەفتارو کردەوانە بێنێ‌و ڕێز لە یاساو پەسەندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان بگرێ‌و مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێران‌دا بپارێزێ. بەڵام بە داخەوە نە کۆماری ئیسلامیی ئێران گوێی بۆ ئەم داواکاریانە شل کردوەو نە ئەو جورە کۆڕو کۆمەڵانە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆن کە بە کردەوە بتوانن بەر بەم ڕەفتارانەی ئەو ڕێژیمە بگرن.

وڵاتانی دەرەوەش لەگەڵ ئەوەی زۆرجار سەروەریی خاك‌و وڵات‌و یاساکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێ‌شێلکراوەو تیرۆری موخالیفانی ئەو ڕێژیمە بە دەست تیرۆریستەکانی ڕێژیم کە لە وڵاتانی ئەوان‌دا بەڕێوە چووەو زۆرجاریش بەڵگەو سەرچاوەی ڕوونیان بۆ دەست تێدابوونی کۆماری ئیسلامی بە دەستەوە بووە، بەم حاڵەش لە سەر درێژەدان بە سیاسەتی چاوپۆشی‌کردن، سازان‌و نەرم کێشان بەرانبەر بەم ڕێژیمە سوور بوون‌و بۆ چاونووساندنی بیروڕای خەڵکی وڵاتەکەیان‌و بیروڕای گشتیی جیهان پێوەندی‌یەکانی خۆیان بە بیانووی پێوەندیی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ئەم ڕێژیمە درێژە داوەو بگرە پەرەگرتووتریشی کردوە. هەر ئەوەش بوو بە هۆی سووربوونی ڕێژیم لە سەر سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە خەڵکی ئێران‌و ئەو ڕەفتارانەی کە لەگەڵ یاساو پەسەندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان لە ناتەبایی دان.

رووهەڵماڵاوی‌و بێ‌پەروایی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەدان بە کردەوەی ناڕەوادا نە تەنیا بوو بە هۆی ئەوە کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلانی ئێران پێ‌شێل بکرێن، بەڵکوو وای‌لێهات کە قازانج‌و بەرژەوەندی بە شێك لە وڵاتانیش لەگەڵ مەترسی بەرەوڕووبکاو وەك ڕێژیمێی یاغی لە یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان‌و دژ بە هەوڵە ئاشتی‌خوازەکانی نێونەتەوەیی دەری بخا.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا ئامادە نەبووە هیچ ئاڵوگۆڕێك لە سیاسەت‌و ڕەفتاری ئاژاوەگێڕانەوەو سەرەڕۆیانەی خۆیدا پێك بێنێ، ئەگەر بەشێکی بۆ نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە، بێ‌گومان بەشێکیشی لەو هەڵوێستە نەرم‌و پڕ لە سازشکارییانە سەرچاوەی گرتوە کە بە شێك لە وڵاتان لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا ڕەچاویان کردوەو تا ئێستا درێژەیان داوە.

ڕەفتاری قانوون شکێنانەو سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستا دەرکەوتوە، نەك هەر بۆتە هۆی پێشێلکرانی مافی گەلانی ئێران، بەڵکوو مەترسی بۆ قازانج‌و بەرژەوەندی بەشێك لە وڵاتانی جیهان‌و ئاسایش‌و ئەمنییەتی ئەوان‌و ناوچەکەش پێك هێناوە. کێشەی هەوڵدانی ڕێژیم بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی‌و خۆبواردنی تا ئێستای لە مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی هاوپێچیی مەنعی پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمی‌یەکان، ئاشکرابوونی ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی لە تەقینەوەکەی ناوەندی یەهوودی‌یەکان لە ئارژانتین‌دا بووە، کوشتنی زارا کازمی، وێنەگرو هەواڵنێری تەبەعەی کاناداو ئاشکرابوونی بنکەی بڵاوکردنەوەی پارازیت بۆ سەر تەلەویزیۆنە ماهوارەیی‌یەکانی فارسی زمان لە ئەمریکا کە بە هۆی بنکە بەناو دیپلۆماتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کووبا بەڕێوە چووە، داڵدەدان‌و حەشاردانی ئەفرادی ئەلقاعیدە لە ئێران‌و دەرکەوتن‌و ئاشکرابوونی ئۆرانیۆمی دەوڵەمەندکراو لە بنکەکانی‌و کەرەسەی دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌و گیرانی "ایرج صدر"، سەرکۆنسولی پێشووی ئێران لە بێرلین بە تاوانی کاری سیخوڕی بۆ کۆماری ئیسلامی کە زۆربەیان لەم دواییانەدا پەردەیان لە سەر لادرا، لە ئاکامی ئەوەدا بوون کە وڵاتان تا ڕادەیەك جیددی‌تر فشاریان خستۆتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و هەر ئەو فشارو ڕووبەڕووبوونەوە جیددی‌یەش کارێکی وای‌کردوە تا کۆماری ئیسلامی هەرچەند بە کردەوەش نەبێ، لە قسەدا دان بە بەشێك لەو مەسەلە لەقاودراوانە بنێ‌و لە هەمان کاتیش‌دا پاکانەیەکی گاڵتەجاڕانە بۆ خۆی بکا.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی باس لە جۆرە ئامادەیی‌یەك بۆ مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی مەنعی پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمی‌یەکان دەکا، ئەوە کە دووکەس لە مۆرە ئیتلاعاتی‌یەکانی بۆ خەواندنەوەی ئەو باسە کە لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی زەهرا کازمی لە گۆڕێ دایە، دەگرێ‌و زیندانیان دەکا، ئەوەکە دان بە بوونی ئەفرادی ئەلقاعیدە لە ئێران‌دا دەنێ، هەمووی لە ڕاستی‌دا بەرهەمی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە تاڕادەیەك جیددی‌یەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەم دواییانەدا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خۆیان نیشان داوە. بۆیە ئەگەر هەڵسەنگاندنێك لە نێوان ئاکامی سیاسەتی پێوەندی بە ناو ڕەخنەگرانەو ئەو هەڵوێستانەی لەم دواییانەدا، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران گرتوویانەتە بەر، بکرێ بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەوی یەکەمیان تا چ ڕادەیەك بێ‌کەڵك‌و بێ‌سوودو تەنانەت بۆ کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە کردەوەکانی‌دا دەست ئاوالاکەرانەبووەو دووهەمینیان چۆن ئەو ڕێژیمەی لە تەنگانە خستوەو لەگەڵ گیروگرفت بەرەورووی کردوە. ئەو ڕاستی‌یە ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆماری ئیسلامی گوێ بۆ زمانی دیپلۆماسی‌و ڕەخنەو ڕاسپاردەی هێمنانە شل ناکاو قسەو مەحکوومکردن لە لایەن کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانەوە بە هێند ناگرێ‌و ئەوەی دەتوانێ هەسی بداتەوەو لغاوی بە دەم‌دا داتەوە، ئەو بەرخووردە تا ڕادەیەك جیددی‌یەیە کە ئێستا لەگەڵی دەکرێ‌و دووان بەو زمانەیە کە چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی پێی دەدوێ.

بۆیە بە دڵنیایی‌یەوە دەبێ بڵێین ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لێبڕاوانە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌و ڕەفتارە دژیگەلی‌و پڕمەترسی‌یەکانی بەرەوروو بێتەوەو لەو هەڵوێستەی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی‌دا سەرکەوتوو بێ، دەبێ واز لە سیاسەتی سازان‌و نەرمکێشان‌و ترسان لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە بێنێ جەغزی فشاری جیددی بۆ سەر ڕێژیم بەرینتر بکاو بۆ لەقاودانی ڕەفتارو کردەوە دزێوو غەیرە ئینسانی‌یەکانی لە نێوخۆو لە دەرەوەدا پتر هەوڵ بدا.

کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە بێجگە لە زمانی زۆرو فشار لەگەڵ وڵاتان‌و خەڵکی وڵاتەکەمان نادوێ‌و تەنیا وەڵامدانەوە بەو زمانە دەتوانێ ئەو ڕێژیمە لە هێندێ ڕەفتاری دژی ئینسانی دەرهەق بە خەڵکی ئێران‌و دژ بە قازانج‌و بەرژەوەندی‌یە مەشرووعەکانی وڵاتانی دیکە بێنێ، داهاتووش زیاتر ئەم ڕاستی‌یە دەردەخاو دروستی‌یەکەی دەسەلمێنێ.

***

# ڕووداوێکی سیاسی ـ فەرهەنگیی تایبەت بە کورد لە فەرانسە

بەندەری "دوارنۆنێ"، هەڵکەوتوو لە بڕۆتاینی فەڕانسە کە خەڵکەکەی خاوەنی زمانو هۆوییەتی تایبەت بە خۆیانن، هەموو ساڵێ لە مانگی ئووتدا میوانداریی فستیڤاڵێك دەکا کە ئامانجی ناساندنی کلتوورو مەسەلەی گەلێکی زۆر لێکراوە. فستیڤاڵی ئەمساڵ کە لە ڕۆژی ١٨ تا ٢٤ی ئووتی خایاند بۆ نەتەوەی کورد تەرخان کرابوو. پێکهاتەی سەرەکیی ئەو فستیڤاڵە کە هەزاران کەس لە خەڵکی هەموو ناوچەکانی فەڕانسەی بەرەو خۆی ڕاکێشابوو، سینەمای کوردیو بە گشتی ئەو بەرهەمانە بوون کە کێشەو فەرهەنگی کوردیان لە قاڵبی جۆراوجۆردا هێناوەتە سەر پەردە. لەو پێوەندییەدا پێویستە ئیشارە بە پێشوازیی زۆر گەرمی بەشدارانی فستیڤاڵ لە حزووری بەهمەنی قوبادیو لەو فیلمانەی وی‌بکرێ کە لەوێ نیشان دەدران. جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر پێشانگای جۆربەجۆرو ستاندی زانیاری لە سەر کورد لەو فستیڤاڵەدا دەبیندران.

پێکهاتەیەکی گرینگی دیکەی ئەو فستیڤاڵە بریتی بوو لەو کۆڕو سمینارانەی بۆ باسو گفتگۆ لە سەر لایەنە سیاسی‌یەکانی مەسەلەی کورد تەرخان کرابوون. لەو چوارچێوەیەدا سەعات شەشی ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی ئووت کۆنفرانسێك بە بەشداریی سەدان کەس بەڕێوە چوو کە بۆ کوردستانی ئێران تەرخان کرابوو. لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا ئاغای "ژێرار شالیان"، شارەزای بەناوبانگی فەڕانسەیی لە بواری ژێئۆ ئێستراتژیو جیهانی سێهەمو دۆستی کورد، کورتەیەك لە مێژووی کوردی پێشکەش کرد. پاشان بەڕێز عەزیز ماملێ وەك هاوکاری بنیادی فەرانسە ـ ئازادی (فڕانس لیبرتێ) لە پاریس باسێکی لە سەر وەزعی سیاسی دوێنێو ئەمڕۆی ئێران خستە ڕوو. ئینجا هاوڕێ ئاسۆی حەسەنزادە، یاریدەدەری بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزب لە فەڕانسە لە بارەی هەلومەرجی کوردستانی ئێران، خەباتو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتو ئەو بنبەستەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەیی‌دا تووشی بووە، قسەی کرد. لە کۆتایی‌دا میوانەکانی ئەو بەرنامەیە وەڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.

بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی فستیڤاڵ کە شایانی باسە، ئەو مێزگردە بوو کە لە دوایین ڕۆژی فستیڤاڵدا لە ساڵۆنی شارەداری‌دا پێكهات. بەشدارانی ئەو مێزگردە بە تەرتیبی نۆبەی قسەکردنیان بریتی بوون لە: یوسف ئیبراهیم، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئاسۆی حەسەنزادە بە نوێنەرایەتیی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکرات، ئەییووب فاڕووق بە نوێنەرایەتیی "کۆنگرەی نەتەوەیی"، فەرەیدوون چەلیك شارەداری دیاربەکر، کەندالْ نەزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس، مادام دانیەل میتران، سەرۆکی بنیادی فڕانس لیبرتێو هاوسەری سەرکۆماری پێشووی فەڕانسە، کریس کۆچێرا، لێکۆڵەرەو دۆستی کورد.

لە پێوەندی لەگەڵ نێوەرۆکی باسەکاندا پێویستە بگوترێ، یووسف ئیبراهیم پێی لە سەر ئەوە داگرت کە مەرجی مانەوەی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، لائیك بوونی دەوڵەتی داهاتووی ئەو وڵاتەو یەکسانیی پێکهاتە ئەسڵی‌یەکانی نیشتمانی عێراق لە چوارچێوەی فیدراڵیزم دایە. ئاسۆی حەسەنزادە داوای لە دۆستانو هۆگرانی خەباتی کورد کرد کە بۆ ئەوە تێ‌بکۆشن کە چ بیروڕای گشتیو چ ناوەندە بڕیاردەرەکان ڕوانینێکی گشتی لە سەرجەم مەسەلەی کورد بگرنە بەرو گوتی: ئەمڕۆ لێك نزیکبوونەوەی ستراتیژیی کوردی هەموو پارچەکان ئەو ڕاستی‌یە ڕۆونتر دەکاتەوە کە چوارچێوەی حوقووقیو نیهادیی چارەسەری مەسەلەی کورد دەبێ هەرکام لەو وڵاتانە بێ کە پارچەیەك لە کوردستانیان تێدایە، بەڵام پێویستە چوارچێوەی سیاسیی چارەسەری مەسەلەی کورد ئاستی نێونەتەوەیی بێ. بۆ ئەوەی هەم بە شێوەیەکی هاوئاهەنگو هەمە لایەنە سەیری مەسەلەی کورد بکرێو هەم وەدیهاتنی ئامانجە ڕەواکانی کوردی پارچەکانی‌تری کوردستان بە ئەگەری شەڕو قەیرانێکی نێودەوڵەتی‌یەوە نەبەسترێتەوەو هەم پێکەوە ژیانی گەلانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژین، دەستەبەری نێونەتەوەیی هەبێ.

ئەو هەروەها فیدراڵیزمی بە لەبارترین ڕێگاچارە لە قەڵەمداو گوتی کە فیدراڵیزم چوارچێوەو ئامرازی حوقووقیی زۆر باش دەداتە دەست کە لە ڕێگایانەوە گەلێکی دابەشکراو بە سەر چەند وڵاتدا دەتوانێ ئازادانە پێوەندی‌یە نیهادی‌یەکانی نێوخۆیی ڕێك بخاتو بەم جۆرە بیانووی دوژمنانی کورد سەبارەت بە مەترسیدار بوونی پێوەندیی نێوان کوردی پارچە جۆربەجۆرەکان بۆ ئەمنییەتو پایداریی دەوڵەتانی ناوچە بێ‌بناخە دەبێتەوە. کاك ئاسۆ لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیو هەڵوێستی ڕۆژئاوادا گوتی: دەوڵەتانی ڕۆژئاوا نابێ تەنیا ئامانجی "خنثی" کردنەوەی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بگرنە بەرو مافو ئازادی‌یەکانی گەلانی ئێران بخەنە پلەی دووهەم، چونکە تەنیا کاتێك دەوڵەتێك لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا سیاسەتێکی سالمو بەرپرسیاری دەبێ کە لە ئاستی نێوخۆیی‌دا خاوەنی نیهادی سیاسی ـ دێموکراتیكو خاوەن زەرفییەت بێ. ئەییووب فاڕووق لە قسەکانی خۆیدا باسی هەوڵی کوردەکانی تورکیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێی نێونەتەوەیی، هەڵوێستی ئەوان لە سەر ئەندامەتیی تورکیە لە "یەکیەتیی ئوروووپاداو داهاتووی سیاسی کورد لە تورکیە"ی کرد. شارەداری دیاربەکریش باسی ئەو کاناڵانەی کرد کە ئەمڕۆ کۆمەڵی مەدەنی کورد لە ڕێگایانەوە مەسەلەی کورد لە تورکیە دەباتە پێش، بەڵام ڕوانینێکی زۆر ڕەخنەگرانەو تەنانەت ڕەش‌بینانەی لە دڵخوازیی دەوڵەتی تورکیە بۆ چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەی کورد هەبوو.

کەندالْ نەزان لە قسەکانی‌دا زۆر بە هیواوە لە چارەنووسی سیاسیی کورد لە عێراقی ڕوانیو ئەو بڕیارە تازانەی مەجلیسی حوکم باسی کردن کە بۆ خۆی لە بەغدا شاهیدی پەسندکردنیان ببوو. مادام میتران لە قسەکانی‌دا باسی ئەوەی کرد کە هەلومەرجی ئەمڕۆ بۆ هەمووی کورد بە هیوابەخش لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە کورد دەبێ هوشیارانەو سەربەستانە لەگەڵ هاوپەیمانان مامەڵە بکا. سەرئەنجام کریس کۆچێرا لە نۆرەی قسەی خۆیدا بە تایبەتی باسی پێویستیی ڕوونبوونی ستراتیژیو داخوازی‌یە سیاسی‌یەکانی کوردەکانی کردو داوای لە نوێنەری حیزبی دێموکرات لەو مێزگردەدا کرد کە لەو بارەوە هێندێك ڕوونکردنەوە بدا.

❊❊❊

# بڵاوکراوە کوردی‌یەکان لە ئێرانداو کۆسپەکانی سەر ڕێگایان

عەلی بداغی

ڕاگەیاندن یەکێك لە فاکتەرە گرینگەکانی گەشەی سیاسیو فەرهەنگیی کۆمەڵگایە. بە تایبەت لە کۆمەڵگای لە حاڵی تێپەڕبوون (درحال گذار)، ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان وەك ئامرازی بەهێزی ئاگادار کردنەوەی بیروڕای گشتی، نەخشی زۆر کاریگەرو بەرچاویان لە چۆنیەتی بەرەورووبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ گرژیو ئاڵۆزی‌یەکانی تایبەت بەوەها کۆمەڵگایەکدا هەیە.

ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، هۆکاری سەرەکیی بەرهەم هێنانو وەدەست خستنی زانیاریو بڵاوکردنەوەیان لە ئاستێکی بەرفراوان لە ماوەیەکی زۆر کورت لە کۆمەڵگا دانو لە چاوەدێریی کۆمەڵگە، بنیاتنانی بیروڕای گشتیو هەروەها لێك گرێدانی فەرهەنگیی نێوان میللەتانو دەوڵەتاندا نەخشی بنەڕەتی دەگێڕن.

ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانو بەتایبەت چاپەمەنیی ئازاد سەرەڕای ئەوەی وەك بیری وشیارو پرسیارکەرو چاوی ڕەخنەگری بیروڕای گشتی‌یەوە دەڕواننە هەڵسوکەوتو کردەوەی بەرپرسانی حکوومەتی، داینەمۆی گەشەسەندنو جێگیرکردنی دیموکراسین. هەروەها لە دنیای ئەمڕۆدا بارودۆخی چاپەمەنیو ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگایەك وەك فاکتەری بەهێزی هەڵسەنگاندنی مافی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا سەیر دەکرێن.

وەزعییەتی چاپەمەنی لە ئێران لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا جگە لەوەی لە باری چەندایەتی‌یەوە زۆر لە دوایەو لە پێوانە ئیستانداردە نێونەتەوەیی‌یەکان زۆر دوورە، لەبارەی چۆنیەتیشەوە لەوپەڕی شپرزەییو نالەباری‌دایە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی چاپەمەنی‌یەو وڵاتی ئێرانیش گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە.

شانبەشانی چارەنووسی تاڵی ڕۆژنامەو چاپەمەنی سەربەخۆو دوور لە بازنەی دەسەڵات لە ئێراندا، وەزعییەتی چاپەمەنیو بڵاوکراوە کوردی‌یەکانیش جێی داخو کەسەرن. سەرنجێك لە ژمارەی بڵاوکراوە کوردی‌یەکانو بەستراوەیی بەشێکیانو چۆنیەتیی دەرچوونیان پتر نێوەرۆکی سیاسەتی سەرکوتو زەبروزەنگی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامیمان دەرحەق بەگەلی کورد بۆ ڕوون دەکاتەوە:

کوردەکانی ئێران پتر لە ١٥٪ی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پێك دێنن. کەچی ئێستاش تاقە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەرناچێ. لە نێوان سەدان بڵاوکراوە کە بە شێوەی حەوتوونامە، دووحەوتوونامە، مانگانەو وەرزنامە لە ئێراندا چاپو بڵاو دەبنەوە، بەشی کوردەکان لە هەموو کوردستانی ئێران [ئوستانە کورد نشینەکان] سێ حەوتوونامەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یە کە ئەویش دوانیان دەوڵەتینو سەربە ئوستانداریو شارەداری ئوستانی کوردستانن[1] و هەروەها سێ گۆڤاری فەرهەنگیو ئەدەبیی مانگانە دەردەچنو بە هیچ شێوەیەك وەڵامدەری نیازی کۆمەڵگای لە دواکەوتوویی‌دا ڕاگیراوو ڕوولە گەشەی کوردستان نین. هەر لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە کوردەکان زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ئوستانە پێك دێنن، ٢٥ حەوتوونامە، دوو حەوتوونامە، مانگانەو وەرزنامە دەردەچن کە لەو نێوەدا بەشی کوردەکان تەنیا دوو گۆڤاری فەرهەنگیو ئەدەبی‌یە کە تەنانەت یەکێك لەو دووانە نیوە کوردیو نیوە فارسی چاپو بڵاودەبنەوە. لە ٧ شاری تەواو کوردنشینی ئەو ئوستانەدا هیچ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەك بڵاونابێتەوە. ئەوە لەحاڵێك دایە کە ڕادیوو تەلەویزیۆن لە هەر چوار ئوستانە کوردنشینەکانی ئێراندا ڕاستەوخۆ لە پاوانی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم دانو ئەم ڕاگەیەنانەش تاکوو ئێستا نەك هەر بە هیچ شێوەیەك لە خزمەتی ئەرکی ڕاستەقینەی ڕاگەیاندنو گەشەی فەرهەنگیو سیاسیی کۆمەڵی کوردەواری‌دا نەبوون، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە مەبەستی خزمەت بە سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم کەڵکیان لێوەرگیراوە. ئەو بۆشایی‌یەی لەوەها دۆزێکدا هاتۆتە ئاراوەو هەروەها بە پێویست زانینی بوونی دەزگایەکی ڕاگەیاندن وای کردوە کە ژمارەیەك ئۆگری کاری ڕاگەیاندنو دڵسۆزو خەمخۆری ڕۆژنامەنووسیو فەرهەنگو ئەدەبی کوردی کاتێك لەگەڵ کۆسپی قانوونی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ بەرەورووبوونەتەوە، ئەو بۆشایی‌یە بە بڵاوکردنەوەی تایبەتنامەی شاریی چاپەمەنی‌یە سەربەخۆکان پڕکەنەوە. "داهاتوو"، "ڕۆژی ڕوون"، "کێلەشین"، کە تایبەتنامەی حەوتوونامەی "فردای ما"ی ورمێنو لە شارەکانی بۆکان، مەهابادو شنۆ بڵاو دەبنەوە، نموونەیەك لەو شێوەکارەن کە لە بازنەیەکی بەرتەسکدا لە بواری ڕاگەیاندن خزمەت بە هاونیشتمانانی کورد دەکەن.

بەڵام لە ڕاستی‌دا چاپ بوونی تایبەتنامەکان تەنیا بە مەبەستی دانپێداهێنانی دەسەڵات بە بوونی دەنگێکی جیا لە دەنگی خۆی هەرچەند لاوازو کەڵك وەرگرتن لە ئەو لانیکەمە دەرفەتەیە بۆ خزمەتی فەرهەنگیو ڕۆشنبیری کورد. بەڵام چ ئەو تایبەتنامانەو چ بڵاوکراوە ڕەسمی‌یە کوردی‌یەکان (حەوتوونامەکانو گۆڤارە ئەدەبی‌یەکان) نەیانتوانیوە لە بواری ئەرکی ڕاگەیاندنو کۆکردنەوەی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵكو هەروەها کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی‌دا سەرکەوتوو بن. هۆی سەرەکیی ئەو نەتوانینە دەگەڕێتەوە بۆ فەزای سیاسیی داخراو لە کوردستانی ئێران. سەرکوتو زەبروزەنگ لە کوردستان بە ڕادەیەکە کە چووکترین ڕەخنەی سیاسی ڕۆژنامەنووسی بە دژایەتی لەگەڵ نیزامو تێکدانی ئاسایشی گشتی لە قەڵەم دەدرێو ڕەخنەی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە دەسەڵات تابۆ کراوە. جگە لەوە ڕۆژنامەنووسیی ئێستای کوردی غەیرە حیرفەیی‌یە. زۆربەی کارگێرانو بەڕێوەبەرانی چاپەمەنیی کوردی هەرچەند کە خەمخۆرو لە تاکە وشیارو دەروەستەکانی کۆمەڵن، بەڵام پسپۆڕی بواری ڕۆژنامەنووسی نینو کەمتر لە زانستی ڕاگەیاندن بەهرەمەندن. هەربۆیەش دەبینین بەرهەمە چاپ کراوەکانی نێو ئەو بڵاوکراوانە یەکدەست نینو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لێك جیاوازن. لە وەها هەلومەرجێك دایە کە گۆڤارە خوێندکاری‌یەکان بە نیشانەی ئیعتراز دژی فەزای داسەپاو بە سەر چاپەمەنیی کوردی‌داو هەروەها وەك وەڵام دانەوە بە هێندێك نیازی کۆمەڵانی خەڵك کە لە توانای بڵاوکراوە ڕەسمیو تایبەتنامەکان دا نین، هاتوونەتە ئاراوەو بوێرانە هێندێك لە کێشە کۆمەڵایەتیو سیاسی‌یەکانی ڕۆژیان هێناوەتە بەرباس. گۆڤارە خوێندکاری‌یەکان کە لە جێ‌دا تا ڕادەیەك ئەم بۆشایی ڕاگەیاندنەیان لە کوردستاندا پڕکردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بیاڤی بڵاوکردنەوەیان بەرتەسکو تەنیا لەچوارچێوەی زانکۆکاندان، کاریگەری‌یەکی ئەوتۆو خێرایان لەسەر کۆمەڵگا نیە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی خوێندکاریش کە پسپۆڕیی ئاکادمیکی خۆیان لە بواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسی وەدەست هێناوەو توانای زانستیی وەگەرخستنی چەندین بڵاوۆکیان هەیە، لەکردەوەدا لەگەڵ کۆسپی بەرچاوو لە سەرووی هەمووانیشەوە ڕوانینی ئەمنییەتیی دەسەڵات بۆ ئەو جۆرە چالاکییانەو یاسا ڕێگرەکانی ڕێژیم بەرەوروو دەبنەوە. جگە لەوەش ڕۆژنامەنووسی پێویستی بەژێرخانی پتەوی ئابووری هەیە، بەڵام خۆبواردنی خاوەن سەرمایەکان لە سەرمایەدانان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی یەکێکی‌تر لە کۆسپەکانی سەر ڕێی دەرکردنی ڕۆژنامەی غەیرە دەوڵەتی‌یە. خاوەن سەرمایەکانیش بە ئاگاداری لە ئەزموونی سەرنەکەوتووی ڕۆژنامە دەوڵەتی‌یەکانو بەگشتی وەڵام نەدانەوەی سەرمایە دانان لە بواری ڕۆژنامەنووسی لە ئێراندا لە تەرخان کردنو وەگەڕخستنی سەرمایەکەیان لەو بوارەدا خۆدەپارێزن.

کۆمەڵگای کورد لە ئێران وەك کۆمەڵگایەك کە کێشەی نەتەوایەتی هەیەو ئێستاش کە ئێستایە لە چاخی هەزارەی سێهەمدا سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتی‌یەکانی پێشێل دەکرێنو ویستو داخوازە ڕەواکانی لەبەرچاو ناگیرێ، پێویستی بە هێنانەگۆڕو ڕاڤەکردنی ئەو کێشانە هەیە. فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو گەلە کە بەردەوام هەڕەشەی نەمانی لەسەر بووەو هەوڵی نەمانو توانەوەی دراوە، پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە. زانینو ئاگادار بوونی مرۆڤ لە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی یەکێك لە مافە سەرەتایی‌یەکانی‌یەتی کە لە هەموو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا دانی پێدانراوە. ڕۆژنامەو بڵاوکراوە ناوچەییو ئازادو خۆماڵی‌یەکانیش باشترینو گونجاوترین شوێن بۆ هێنانەگۆڕی ئەو باسانەو هەروەها هەوڵدانی بەکردەوە بۆ گەشەی سیاسیو فەرهەنگیی کۆمەڵگان. بەڵام مەرجی سەرەکی بۆ ئەو جۆرە چالاکی‌یانە بوونی ئەمنییەت بۆ ڕۆژنامەنووسانو بە واتایەکی‌تر وەلانانی سیاسەتە شووینیستیو دژی‌گەلی‌یەکان لە لایەن ڕێژیمەوەیە. ئەوەش شتێکە کە لەگەڵ نیوەرۆکی سیاسەتەکانی ڕێژیم دا ناگونجێ، چونکە ئەو ڕێژیمە قەت ئامادە نیە دان بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردا بنێ.

(١) مەبەست لە"ئاویەر"و "سیروان"ە

❊❊❊

# پێویستی دیتنەوەی ریشەکان لە شەڕی دژ بە تیرۆریزمدا

**کەریم پەرویزی**





رۆژی سێشەممە ١٣٨٢/٥/٢٨، بنکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری بەغدا بووە ئامانجی کردەوەیەکی تیرۆریستیو تەقینەوەی ئەو ئوتومبیلە بۆمبرێژکراوە بووە هۆی ئەوە کە سێرجیۆ دێمیلۆ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ چەند کەسێکی‌تردا گیانی لە دەست بداو ژمارەیەك خەڵکی دیکە بریندار بن. هەروەها هەر لەو ماوەیەدا بە هۆی تەقاندنەوەی ئوتوبووسێك لە "ئورشەلیم" چەندین کەس کوژرانو دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون. دوای چەند رۆژی دیکە لە شاری نەجەف یەکێك لە رێبەرە ئایینی‌یەکانی شیعە بە ناوی سەعید حەکیم بووە ئامانجی کردەوەیەکی تیرۆریستیو تێی‌دا بریندار کرا.

ئەم رووداوانەو چەند رووداوێکی‌تری وەك کوژرانی جێگری ئاسایشی شاری سلێمانی لە لایەن چەکدارانی سەر بە تاقمی ئەنسارولئیسلامو تیرۆری محەممد باقرحەکیم لە نزیك مزگەوتی نەجەف دەری دەخەن کە کردەوە تیرۆریستی‌یەکان لەم ناوچەیەدا روو لە زیاد بوونن.

دوای رووداوی ١١ی سێپتامبر کە جۆرج بۆش شەڕی جیهانیی دژی تیرۆریزمی راگەیاند، هێزو لایەنە تیرۆریستی‌یەکان کەوتنە ژێر فشارێکی زۆرەوەو بیروڕای گشتیی جیهان بە شێوەیەکی کەموێنە لە دژیان هەڵوێستی گرت. شەڕی دژی تیرۆریزم، شەڕی ئەفغانستانو هەرەسهێنانی حکوومەتی تالیبانی لیٚ کەوتەوەو دواتر ئەم شەڕە رێژیمی دەسەڵاتبەدەستی بەغدای رووخاند. بەڵام ریشەکێش نەبوونی تیرۆریزمو درێژەکێشانی کردەوە تیرۆریستی‌یەکان دوای رووخانی تالیبانو سەدام، ئاماژەن بە بەرفرەییو ریشە داکوتانی قووڵی ئەم دیاردەیە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا.

ئەگەر تەنیا تالیبان لایەنگرو پشتیوانی تیرۆریستەکان بووو ئەگەر پێوەندیی رێژیمی سەدام لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدەدا، بووە هۆی ئەو گۆرانکارییانە، دەبوایە دوای هەرەسهێنانی ئەم رێژیمانە دیاردەی تیرۆریزم یا ریشەکێش ببوایە یان لانیکەم بگەیشتایەتە نزمترین ئاستی خۆی.

هاتنی ئەمریکا بۆ ئەم ناوچەیەو رەوتی نوێی رووداوەکان کە ناوچەکەو جیهانی بەرەو گۆڕانکاری‌یەکی خێرا بردوە، بۆتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتو هێزە ناوچەییو جیهانی‌یەکان دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن. هەرەسهێنانی یەك لەدوای یەکی دوو حکوومەت لە ناوچەو قسەی سیاسەتڤانانی ئەمریکایی سەبارەت بە جێگیرکردنی مۆدێلی عێراق لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، تۆوی ترسو نیگەرانیی لە دڵی حکوومەتەکانی ناوچەکەدا چاندوە. لەم پێوەندی‌یەدا دوو حکوومەتی سووریەو بە تایبەت ئێران زیاتر لە هەموان ترسیان لیٚ نیشتوەو داهاتووی خۆیان پتر لە مەترسی‌دا دەبینن.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە ڕابردوویەکی دوورو درێژو کارنامەیەکی رەشی لە قەیران خوڵقاندنو بڵاوکردنەوەی تیرۆریزمدا هەیەو لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی‌دا هەمیشە دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکای گوتۆتەوە،و هەروەها لەلایەن جۆرج بۆشەوە خراوەتە نێو وڵاتانی تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی‌یەوە، زیاتر لە حکوومەتەکانی ناوچەکە شڵەژاوەو لە جموجووڵو چالاکی‌یەکانی ئەمریکا زەندەقی چووە.

ئەم رێژیمە هەر لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنیەوە تا ئێستا، هەمیشە یەکیٚ لە پشتیوانانی باندو لایەنە تیرۆریستی‌یەکان بووەو باندە حیرفەیی‌یەکانی تیرۆری بۆ لە نێوبردنی بەرهەڵستکارەکانی لەنێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا رێك خستوەو لە رێکخراوە تیرۆریستی‌یەکانی وەك حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، جەهادی ئیسلامیو تاقمی جۆراوجۆری بناژوو پشتیوانیی ماددیو مەعنەوی کردوە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی وەك یەکێك لە ئامانجەکانی ئەمریکا لە سیبلی شەڕی دژی تیرۆریزمدا ببینێتەوە. بۆیە ئەم رێژیمە کردنەوەی فایلی هێندیٚ لەو تیرۆرانەی کە فەرماندەرو بەرنامەڕێژیان بووە، بە یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەم سیاسەتە نوێیە دەزانیٚ. بۆنموونە دەست بەسەرکرانی هادی سولەیمانپوور لە ئینگلستانو پەلوپۆ هاویشتنی ئەم رووداوە ـ سەرەڕای حوکمی دادگای میکونووس ـ بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی دیکەیە بۆ تیرۆریستبوونی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

دەسەڵاتی بەربڵاوی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە چەشنێك کە بە کردەوە ئێران لە لایەن هێزە ئەمریکایی‌یەکانەوە گەمارۆ دراوە، بۆتە هۆی ئەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیو خۆدەربازکردن لەم گەمارۆیە بیر لە رێگاچارەیەك بکاتەوە.

لە شەڕی جیهانیی دژی تیرۆریزمدا، رێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ناتوانیٚ بکەوێتە بەرەی دژی تیرۆریزمەوە، چونکە بناغەی دەسەڵاتەکەی لە سەر پشتیوانی لە هێزو لایەنە تیرۆریستی‌یەکان هەڵچنراوەو لەلایەکی دیکەوە بڕستی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی لەتەك ئەمریکادا نیە. کەواتە تەنیا کارێك کە دەتوانیٚ ئەنجامی بدا ئەوەیە کە لە هێندیٚ کاتدا ریاکارانە پاشەکشە بکاو لە ژێرەوە گرفتو کێشە بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا بخولقێنیٚ.

یەکێك لە ریاکاری‌یەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بریتی‌یە لە لێدانی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکاو بردنەسەرەوەی هەزینەی مانەوەی لە ناوچەکەدایە. کارێك کە تەنیا لە رێگای پشتیوانیو دنەدانی دەستەو تاقمە تیرۆریستەکانەوە دژی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا مسۆگەر دەبیٚ.

بۆیە دەتوانین رەوتی روو لە زیاد بوونی کردەوە تیرۆریستی‌یەکان لە ناوچەکەدا بە بەرژەوەندی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ببەستینەوەو بە دڵنیایی‌یەوە بێژین کە چاوپۆشی کردن لە کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی ئەم رێژیمە دەبێتە هۆی سوور بوونی ئەم رێژیمە لەسەر درێژەدان بە کردەوەکانیو زەبر لە خەباتی جیهانیی دژی تیرۆریزم دەدا.

***

# پێناسەی لیباس شەخسی‌یەکانو پێوەندیان لەگەڵ حاکمیەتدا

**ئەیوب شەهابی‌راد**

قەتڵو توندوتیژی، زیندانو سەرکوت لەو دیاردانەن کە ڕیشەیەکی قووڵیان لە مێژووی پڕ لە خەباتی وڵاتەکەماندا هەیەو بە ڕادەیەك ڕیشەیان لەنێو توێژەکانی حاکمییەت داکوتاوە کە بوونەتە کولتووری فەرمانڕەوایی فەرمانڕەوایانو لە ڕاستی‌دا وەك بەشێك لە ژیانی سیاسیو پێکهاتەی دەسەڵاتی نیزامە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەمان هەبوونو هەن. بەڵام مێتۆدو فۆرمی تازەی توندوتیژیو سەرکوت لە ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکانی ئێراندا، بۆ سەرەتای شۆڕشی مەشرووتییەتو دەسپێکی قۆناغێکی نویٚ لە مێژووی خەباتی خەڵکی وڵاتەکەمان لە پێناوی ئازادی‌دا دەگەڕێتەوە. لەو دەمەڕا کە خەباتی ئازادیخوازانەو ویستو داخوازەکانی خەڵکی وڵاتەکەمان لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی ئینسانیو ئازادی‌یەکانی خۆیان لە چوارچێوەی حیزب، ڕیکخراوو کانوونە جۆراوجۆرەکاندا شێوازێکی نوێی بە خۆیەوە گرت، پیٚ‌بەپیٚی گەشە کردنو پەرەسەندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە جەماوەری‌یەکاندا، ڕێژیمە سەرەڕۆو دەسەڵاتدارەکانیش پەنایان بردۆتە بەر جۆرو شێوەگەلی نوێی توندوتیژی، کە دەکریٚ لە پێکهێنانی تاقمو دەستە تایبەتی‌یەکان، لومپەنو کەسانی گۆپاڵ بە دەستی وەك شەعبان کەللەپووتەکانو. . .هتد ناوبەرین. بەڵام ئێستاکەو لە حاڵێکدا کە حەرەکەتە ئازادیخوازانە گەلی‌یەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی زۆر بەرز، ئێمە شاهیدی کەڵك وەرگرتن لە دڕندانەترین جۆری سەرکوتو توندوتیژی لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێستای ئێرانین. ڕێژیمێك کە بە درێژەدانو توندتر کردنی سیاسەتی ترسو تۆقاندنی ڕێژیمەکانی پێشووو هەروەها بە پەروەردە کردنو پشتیوانیکردن لە شەعبانە کەللەپووتەکان بیٚ‌بەزەییو دڵڕەقی‌یەکی زۆرتری لە خۆی نیشان داوەو سەلماندوویەتی کە میراتگرێکی بە ئەمەگو ئەمانەتداری پێشینیانی خۆیەتیو لە ڕاستی‌دا ئوجاخی ئەوانی ڕوون کردۆتەوە.

بەڵام، داخوا بەراستی ئەم گرووپو دەستە گۆپاڵ بە دەستانە کە بەناوی لیباس شەخسی ناسراون، کیٚن؟ داخوا هەر تەنیا تاقمو کۆمەڵێکی گۆپاڵ بە دەستی تایبەتن کە لە بازنەی بیری وشكو کۆنەپەرستانەو ئیدئولوژیکی ڕێژیمدا دەجوولێنەوە یا هەر کۆمەڵیٚ بەکرێگیراوی کاڵفامن کە وەك دەسکەلایەك لە دەستی مافیای دەسەڵات دان تا سەرمایەی ئایەتوڵڵاکانو فەرخە ئاغاکان بپارێزنو دیفاع لە ڕێژیم بکەنو لەخزمەت پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوان دانو یا لە بنەڕەتدا ئەوان لە کوێی دەسەڵاتدا هەڵکەوتوون؟ بێگومان زەقترین وێنەیەك کە ئەم تاقمە چەقۆکێشانە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی شەخسی وەلیی فەقیهـ، لەبیرو زەینی هەر ئێرانی‌یەکی ئازادبیرداو تەنانەت لە ئاستی جیهانی‌دا نەخشی بەستوە، وێنەی قەتڵ، زیندانو ئەشکەنجە، سەرکوتو توندوتیژی بووە کە لە پەروەندەی کارو کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی‌دا تۆمار دەکرێن کە وەك برینگەلی قووڵی جەستەییو دەروونی بە لەشی کۆمەڵگەی دیکتاتۆر لێدراوی ئێرانەوە، دەبینرێن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی کۆنەپەرستو پاشڤەرۆیە کە ئیمکانی پێکهێنانی هەر چەشنە گۆڕانکاری‌یەك لە بەشە جۆراوجۆرەکانی‌دا مەحاڵەو ئیشكو برینگیو ریشەداکوتانی مافیای دەسەڵاتو سەرمایە تێی‌دا، سەرلەبەری پێکهاتەی نیزامەکەی ئیفلیج کردوە. لە ڕاستی‌دا ڕێژیم وەك نیزامێك بە پێکهاتەو گرێچنی ویلایەتی فەقیهی‌یەوە، زیاتر بە پشت بەستن بە پێوەندیی سوننەتی خەڵك لەگەڵ روحانیەت‌دا پێك هات. نیشانەی بەرچاوی ئەم پێکهاتەیە لە ڕێورەسمەکانی نوێژی هەینی، ئامادە بوونو سەردانی گرووپە جۆراوجۆرەکانو تەنانەت وەزیرانو نوێنەران لەگەڵ ڕێبەر لە حسێنیەی جەماراندا، بە پێچەوانەی شێوەی باوی جیهانی مودێرنو تەنانەت داڕشتنی سیاسەتەکانی نێوخۆو دەرەوەی نیزامیش هەر لەم چەشنە کۆبوونەوانەدا بڕیاریان لەسەر دەدریٚ، دیارە کە جێگای "ڕێبەر" وەك بەرزترین کاربەدەستی بڕیاردەر لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا دیارە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی رەهاو پاوانکراو، پێکەوەنانی سەروەتو سامانێکی لە ڕادەبەدەر، دامەزراندنی کومپانیەکانی جۆراوجۆر لەلایەن مافیای سەرمایەوەو هەروەها دروستکردنی کۆمەڵێك بنیاتی جیاجیاو سەربەخۆ کە شانبەشانی ئۆرگانە دەوڵەتی‌یەکانی دیکەو بەو دەسەڵاتو سەرمایە بیٚ‌سنوورەوە کە هەیانەو بە وەڵامدەرنەزانینی خۆیان لە بەرامبەر هیچ کاربەدەستو ئۆرگانێکدا، لە ڕاستی‌دا ڕێژیمیان کردۆتە باندێکی مافیایی گەورە کە سەرۆکایەتیی ئەم باندە بە دەست سەرجەم ئایەتوڵڵاو حوجەتولئیسلامەکانی نێو حاکمییەتەوەیە کە بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتو سەروەتو سامانە لەڕادەبەدەرەی کە هەیانە لە پەنا بردنە بەر هیچ چەشنە توندوتیژی‌یەك ناپرینگێنەوەو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان کە لە سەرەتاوە بەردی ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە سنگ دەدا، ئێستاکە وەك ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو دژی ئینسانی لە ئاستێکی نێونەتەوەیی‌دا ناساندوە.

لەم قۆناغەدا ڕێژیم لە نێوخۆی‌دا تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە، بە ڕادەیەك کە ئەو کەلێنە قووڵەی کەوتۆتە نێوان دەسەڵاتو خەڵکەوە، ڕێژیمی ناچار کردوە پەنا بەرێتە بەر چەك، تاقمە بەکرێگیراوەکان، لاتو چەقۆکێشو بەرەڵاکان، (لومپەن، چەقۆکێش، گۆپاڵ بەدەستەکان)و لەو پێناوەدا سیاسەتی سەرەکیی گرووپە دەسەڵاتدارەکان، سەرکوت کردنی هەرچەشنە دەنگێکی نەیارانەیە.

بەڵام بۆ ئەم تاقمە جلوبەرگی شەخسییان لەبەر دایە؟و بۆچی بە رەسمیو ئاشکرا لە ئۆرگانە جۆراوجۆرە دەوڵەتی‌یەکاندا ڕێکیان ناخا؟ یەکەم لەبەر ئەوە کە ئەم کارە دژی یاساکانی وڵاتەو دەبێتە هۆی رەسمی بوونی سەرکوتی نەیارانو ڕێژیم ڕاستەوخۆ تاوانبار دەکا، نەك گرووپە سەرکوتکەرەکان. دووهەم، ئەوەیە کە لەوانەیە کە ئۆرگانە رەسمی‌یەکانی وەك ئەرتەش، هێزە ئینتیزامی‌یەکانو. . .هتد، لەبەر لیٚ ئەستاندنی سەلاحیەتەکەیانو بەرتەسك کردنەوەیان، نارەزایەتیی خۆیان دژی ئەم چەشنە کردەوانە دەربڕن. هیچ دووریش نیە کە بۆخۆشیان بکەونە بەرەی دژ بە ڕێژیمەوە. سێهەم ئەوەی کە، چالاکیی ئاشکراو رەسمیی ئەم چەشنە گرووپانە کە رەفتارو کردەوەکانیان دەکەونە ڕیزی رەفتاری باندە تیرۆریستیو بنئاژووە ئیسلامی‌یەکانی وەك تۆری ئەلقاعیدە، تالیبانو. . .، دەبنە هۆی ئەوەکە کۆماری ئیسلامی پتر لە ئێستا، لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەدا ڕیسوا بیٚو ئەمانەش بۆخۆیان دەبنە بەڵگەیەکی زیندووی جینایەتکار بوونی ئەم ڕێژیمەو پێویستی لەنێو بردنی زەقتر دەکەنەوە.

بەڵام ئەوانەی کە بە لیباس شەخسیو گۆپاڵ بەدەست ناو دەبردرێن، لە ڕاستی‌دا لە سیٚ رەوتی جیاواز پێك هاتوون: ١) ئەنساری حیزبوڵڵا؛ ٢) بەسیجی سوپای پاسداران؛ ٣) بەشی نایاساییو لیباس شەخسی (کە زۆرتر لە ژێر فەرمانی دەزگای قەزاییو ڕێبەری دایە)و ئەم گرووپە بەگشتی دوو یەکەی ڕێکخستن بە ناوی ڕێکخراوی ئەمنییەتی مەوازیو هێزی ئینتیزامیی لە تەنیشت نەهادە رەسمی‌یە سەرکوتکەرە حکوومەتی‌یەکان لەنێو خۆیاندا پێك دێنن. ئەنساری حیزبوڵڵا بەشێکە کە دەکریٚ وەك گۆپاڵ بە دەست بە مانا کلاسیکی‌یەکەی ناوی بەرین. ئەمانە تاقمگەلێکی فاشیستین کە بۆ هێندیٚ ئامانجی دیاریکراو کەڵکیان لیٚ وەردەگیریٚو بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەتەوە پێکهاتنی ئەنسار لە ئێراندا، بە ڕواڵەت ئەرکی بەناو بەرگری لە شۆڕش زیاتر خراوەتە ئەستۆی ئەوان. گرووپی دووهەم، واتە بەشی بەسیجی سوپای پاسدارانیش گرووپێکی ترە کە لە فۆرمو شێوەی جۆراوجۆری وەك بەسیجی قوتابیان، بەسیجی خوێندکارانو. . .هتد لە سەرتاسەری وڵاتدا دروست کراوەو زۆرجار لەگەڵ گۆپاڵ بەدەستانو لیباس شەخسی‌یەکان لێك دەدرێن. ئەم چەشنە بەسیجە هیچ چەشنە لێکچوونێکی لەگەڵ بەسیجی سەردەمی شەڕدا نیە. چونکە زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم بەسیجە لە کاتی کۆتایی شەڕدا ٧ یا ٨ ساڵان بوونە. بەڵام زۆربەیان لەو بنەماڵانەن کە بوونەتە قوربانیی شەڕەکەو هەر کامەیان بە جۆرێك لە ژێر سەرپەرشتییو چاوەدێریی کۆمیتەی ئیمداد، بونیادی شەهیدو بونیادی جانبازان دان. گرووپی سێهەم: واتە لیباس شەخسی‌یەکان کە خوێنمژترینو بیٚ‌بەزەیی‌ترین تاقمنو لە ماوەی سەرکۆماریی خاتەمی‌دا، کاکڵی ئەم ڕێکخستنە فاشیستی‌یە پێك دێنن. ئەم بەشە هێندێك جار گۆپاڵ بەدەستن، بەڵام لێرەدا مەبەست لە مانا ڕاستەقینەکەی گۆپاڵ نیە. بەڵکوو مەبەست ڕێکخستنی تۆکمەو زۆر ڕێكوپێكو سازمان درانی دیاریکراو، قۆناغی ڕێکخستنی فەرماندەیی، ئامرازو کەلوپەلی نیزامیو ئینتیزامی‌یەو فەرماندەیی‌یەکەیان لەنێو دەزگای قەزایی دایەو هێزە پیادەکەیەتی. ئەمە لە ڕاستی‌دا باسکی جێبەجێکەری دەستوورەکانی دەزگای حاکمییەت وێڕای سەرجەم گرووپو نەهادە رەسمیو نارەسمی‌یەکانی نێو ئەو دەزگایەیە، بۆ سەرکوتی نارازیو نەیاران، پێکهێنانی تیمە ئیتلاعاتی ـ تیرۆریستی، ئینسان فرێنەکانو هەروەها دروستکردنی بنکە ئەمنییەتیو زیندانەکانو. . .هتد بە پشت بەستن بە هێزو سەلاحییەتی بیٚ‌سنوورو لە هەمان کاتدا نەدانی کەمترین نرخو خۆبەرپرسیار نەزانین لە بەرامبەر کردەوەی دژی ئینسانیی خۆیانن. تەنانەت کاتێك کردەوەکانیشیان ئاشکرا بوون، دەزگای قەزایی وەفریایان دەکەویٚو ڕواڵەتێکی یاسایی بە کارو کردەوەکانیان دەدا.

ئەم لیباس شەخسییانە کە وەك قاتڵ، جینایەتکارو چەقۆکێش لەنێو خەڵکی‌دا ناسراونو پێوەندیی نهێنییان لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتدا هەیە، لە حاڵێکدا کە بۆخۆیان بیٚ‌ناسنامەو هۆوییەتی رەسمین، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسنامەو هۆوییەتێکی ئاشکران بە ڕوومەتی پڕ لە نەنگی نیزامەوە. ئەمانە لەباری فەرهەنگی، ئاستی تێگەیشتنو وشیاری‌یەوە، کەسانی کەم خوێندەوارنو دەركو تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییان لاوازەو لەگەڵ کەلتوورو باری فکریی کۆمەڵگای خاوەن شارستانی‌دا نامۆن. بەڵام ڕێژەی بەرزی توندوتیژی نواندنو دڕندایەتیی ئەم لومپەنانە لە بەرەوڕووبوونەوەو سەرکوتکردنی خۆپێشاندانە جەماوەریو خوێندکاری‌یەکاندا، بە تایبەت ئەمانەی ئەم دوایانە، دوو ڕاستیی گرنگ دەردەخەن:

یەکەم، ئەوەی کە ئەم ئەندازە توندوتیژی‌یە لە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی نیزامەوەو لەنامۆ بوونی لەگەڵ خەڵكدا سەرچاوە دەگریٚو هەروەها نیشاندەری ترسی لەڕادەبەدەرو لەفشار کەوتنیەتی لە هەموو لایەکەوە، کە بۆ مانەوەی ئەم نیزامە رزیوەیە هیچ ڕێگایەکی دیکەی جگە لەسەرکوت، قەتڵو تۆقاندن نیە.

دووهەم، ئەوەکە توندوتیژیو دڕندایەتیی بەکرێگیراو و لومپەنەکانی ژێر فەرمانی وەلیی فەقیهـ لە ئاستێکی بەرینو فراواندا لەلایەك دەبنە هۆی ڕادیکالیزە بوونو قووڵتر بوونی بزووتنەوە سەرانسەری‌یەکانو لەلایەکی دیکەوە دەبن هۆی کورتتر بوونەوەو کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەم ڕێژیمە. دوایین خاڵ ئەوەیە کە هەم ئەم گرووپو دەستە توندوتیژخوازانە کە بە شەو و لەکاتی خەودا خوێندکاران لە پەنجەرەی شوێنی حەوانەوەیانەوە فڕیٚ دەدەنە دەرەوە، هەم ڕێبەرەکانیان مەحکووم بە نەمانو بێگومان هیچ چەشنە جێگایەکیان لە داهاتووی ئێرانی لە حاڵی گۆڕان بەرەو دێمۆکراسیو خەڵك سالاری‌دا نیە.

***

# نامەی سەرئاوەڵای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەهواز، لکی ئەمریکاو، کۆمەڵەی عەرەبەکانی ئەهواز، بۆ ئازادیو دیموکراسی لە ئێران، بۆ سەرۆکی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی یەکیەتیی ئورووپا

دوای گەرانەوەی نوێنەرانی کومیتەکانی مافی مرۆڤی سەر بەو یەکیەتی‌یە [ یەکیەتی ئورووپا] لە ئێران لە ڕێکەوتی ١٤ ـ ١٥ی مارس؛و چاوپێکەوتنی ٢١ی ژوئلای وەزیرانی دەرەوەی ئەو یەکیەتی‌یە لە برۆکسل ـ کە لە مەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا نیگەرانیی خۆیان دەربڕیبوو ـ بەداخەوە تا ئێستا هیچ هەنگاوێك سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت هێرشی ئەم دوایانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەموو حیزبو تێکۆشەرە سیاسی‌یەکانی سەر بە کەمایەتی‌یەکان لە سەرانسەری وڵاتدا، هەڵ نەگیراوە.

بۆ ئاگاداریتان، لە هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە یەك دوو مانگی ڕابردوودا بۆ سەر حیزبو تێکۆشەرە سیاسی‌یە عەرەبەکان لە خووزستانو تاراندا دەیان کەس گیراونو زیندانی کراونو کەوتوونەتە ژێر ئەشکەنجەوە. کەسایەتیو چالاکە تێکۆشەرە سیاسی‌یە عەرەبەکان بۆ نموونە ئەندامانی حیزبی ویفاقی ئیسلامی لە ئەهواز کە حیزبێکی ئاشکراو یاسایی‌یەو لە تاراندا بە ڕەسمی ناسراوەو هەروەها تێکۆشەرە فەرهەنگی‌یەکانی سەر بە "بەیت ولعەرەب"، کۆمەڵی فەرهەنگیی عەرەبە خووزستانی‌یەکان لە تاران کە کۆمەڵەیەکی یاسایی‌یەو لە لایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتی یاسایی بۆ تێکۆشانی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی‌یەکان پێدراوەو هەروەها ئاغای ئەلجەلداوی لە تێکۆشەرە سیاسیو فەرهەنگی‌یەکانی گەلی عەرەب لە خووزستان کە بە تاوانی بەشداری کردن لە ڕێپێوانی ئاشتیخوازانەی ئەم دوایانە لە ئەهواز دەستبەسەر کراوە لە زیندانەکانی ئەهوازو تاراندا دەستبەسەرنو کەوتوونەتە ژێر ئەشکەنجەوە.

دوو بڵاڤۆکی نیوە عەرەبی، نیوە فارسیی دەنگی گەل "سەوتلشەعب"و "ئەلشوورا" کە لە ئەهواز بڵاودەبوونەوە ـ لە مانگی ڕابردوودا بە دەستی هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیم، داخراون.

ئەم دوایین شەپۆلانەی تاساندنو دەسگیر کردن، لە ڕاستی‌دا درێژەی فشاری سیاسیی ڕێژیمن بۆ سەر تێکۆشەرە سیاسی ـ فەرهەنگی‌یەکانی گەلی عەرەبی خووزستان کە بە پێی بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە یەکساڵی ڕابردوودا ٥ کەس بە ناوەکانی فەدهەل موقەددەم، ڕەحیم سواری، ئەمیر سەعیدی، هاشم باویو عەبباس شەرهانی سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاو بە تێکڕا لە شاری ئەهوازو بە جەڕسەقیل لەبەر چاوی جەماوەری خەڵکەوە لەدار دران ـو هەروەها ئەمساڵ ١٧ کەس لە تێکۆشەرانی مافی مرۆڤی عەرەب لە ئێراندا مەحکووم بوون بە ئێعدامو هەرسات مەترسیی ئەوە هەیە کە حوکمەکەیان جێبەجێ بکرێ.

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە ئێرانەوە گەیشتوون، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠ کەس لە زیندانی‌یە سیاسی‌یە عەرەبەکانی خووزستان کە سزای زیندانیکرانی درێژماوەیان بەسەردا بڕاوە، لە زیندانی ئەهوازەوە ـ بە هۆی نەزانراوەوە ـ براونەتە زیندانی ئەرتەشو گیانی ئەم زیندانییانە بە توندی لە مەترسی‌دایە.

**ئێمە عەرەبەکانی ناوچەی ئەهواز (خووزستان) نەتەوەیەکی ستەملێکراوینو لە تەواوی مافە مرۆیی‌و سەرەتایی‌یەکانی خۆمان لە ئێراندا بێبەشین، بەشێك لەم مافانە بریتین لە خوێندن بە زمانی زگماکی، ئازادیی فەرهەنگی‌و بڵاوکردنەوەی داب‌ونەریتی نەتەوایەتی. ئێمە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان خوازیاری ئازادیی زمانو فەرهەنگی خۆمانین.**

ڕێژیمی ئێران هەروەك پێشوو سوورە لە سەر وەڵامنەدانەوە بە داخوازی‌یەکانی ئێمە سەبارەت بە سەلماندنی مافە سەرەتایی‌یەکانمان وەك خوێندن بە زمانی زگماکی‌و داخوازی‌یە فەرهەنگی‌یەکانی دیکە بە بیانووی "جودایی خوازی"و "بەستراوە بوون بە وڵاتە بیانی‌یەکان"و "دروستکردنی مەترسی بۆ یەکپارچەیی وڵات".

خەباتی ئێمە بەشێکە لە خەباتی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران. ئێمە خوازیاری ژیانو مانەوەی ئاشتیخوازانە لەگەڵ نەتەوەکانی پێکهێنەری وڵاتین، لە ئێرانێکی دیموکراتیكو فیدراڵدا، هەروەها خوازیاری خودموختاریی تەواوین لە خووزستاندا. ئێمە نە خوازیاری جیابوونەوەینو نە لایەنگری توندوتیژیین.

هەستی نەتەوایەتی لە نێو حەشیمەتی غەیرە فارس کە زیاتر لە ٦٠٪ی ئێران پێك دێنێ، ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە. حەشیمەتی خەڵکی عەربی خووزستان بە پێی سەرچاوە ڕەسمی‌و نارەسمی‌یەکان لە نێوان ٤ تا ٦ میلیۆن کەس دایە. ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی سەربە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٢دا، ئەو حەشیمەتەی بە ٤ میلیۆن کەس لە قەڵەم داوە.

هەرچەند لەم ساڵانەی دوایی‌دا (پێش هێرشو تاساندنەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو) ژمارەیەك ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئازەری‌و کوردی دامەزراونو هەروەها ژمارەیەك ڕۆژنامەو گۆڤار بەم زمانانە بڵاوبوونەتەوە، بەڵام تەنانەت ئەم ئازادی‌یە بەرتەسکانەش بە عەرەبە خووزستانی‌یەکان نەدراون. لە ساڵی ١٩٩٥وە تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ داواکاری بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار بە زمانی عەرەبی لە ناوچەی خووزستان دراون بە وەزارەتی فەرهەنگو ئێرشادی ئیسلامی کە هەموویان تێکڕا ڕەت کراونەتەوە. ئەم هەڵوێستەی بە ناو لایەنگرانی "ئیسلامی ڕاستەقینە" جێگای سەرسووڕمانو لێوردبوونەوەیە، چونکە قورئان، کتێبی پیرۆزی موسوڵمانانی جیهان، بە زمانی عەرەبی نووسراوەو لە ڕاستی‌دا ئیسلام لە زۆر ڕووەوە لە ژێر کاریگەریی مەزهەبی عەرەب دایە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مافی خوێندنو فێربوونی بۆ هاووڵاتیانی عەرەبی خووزستانی (بە زمانی زگماکی خۆیان ـ زمانی عەرەبی) واتە زمانی قورئان، بە ڕەوا نازانێ.

داخوازیو ویستەکانی نەتەوەی عەرەبی خووزستان بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی‌دان کە بریتین لە:

خوێندنو قسەکردن بە زمانی زگماکی، بەشدار بوون لە سەرچاوە ماڵی‌و ئابووری‌یەکان، بەشداری لە کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ـ ئێستاشی لەگەڵدابێ ئوستانداری خووزستان، فەرماندارانو تەواوی کارمەندە بەرزو نێونجی‌یەکانی ئوستانی خووزستان لە نێوان غەیرە عەرەبەکاندا هەڵدەبژێردرێن.

وەلاانی بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ئوستانی خووزستان. بە پێی ئامارە دەوڵەتی‌یەکان، داهاتی نەوت بە شێوەیەکی گشتی بەرەو تاران دەنێردرێ. هەنگاوی بەپەلەی دەوڵەت بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی کە لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران ـ عێراق مانەتەوە. ئەم مینانە ژیانی دانیشتوانی ناوچە عەرەبنشینەکان، بە تایبەت منداڵانیان بە توندی خستۆتە مەترسی‌یەوە.

دانی مۆڵەتی یاسایی بۆ پێکهاتنو چالاکیی ئاشکرای یەکیەتی‌یە کرێکاری‌یەکانی نەوتو گازو پترۆشیمی‌و ڕێکخراوە فەرهەنگی، سیاسی‌و سینفی‌یەکان لە سەر ئاستی ئوستانی خوزستاندا. لە ڕووخانی ڕێژیمی شاو سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە شۆڕشی ١٩٧٩دا، خەڵکی عەرەبی ئێران بە تایبەت کرێکارانی سەنعەتی نەوتی باشوور بە مانگرتنە درێژماوەکانی خۆیان خێرایی‌یەکی زیاتریان بە ڕەوتی هەرەسهێنانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی شا داو ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا گێڕا.

هەرچەند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر داخوازی کەمینە نەتەوایەتی‌یەکانەوە نەختێ لە ڕێژیمی پەهلەوی کراوەترو لەم دوایانەدا تەنانەت ڕێژیم لە بەرامبەر پێکهاتنی سیمینارو کونفرانسی نووسەرانو هونەرمەندانی ئازەریو کوردستانی‌دا دان بەخۆیدا دەگرێ، بەڵام هێشتا بۆ لای داخوازی‌یەکانی خەڵکی عەرەبی خووزستان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوە، سیمینارو کۆنفرانس گەلێك لە ناوچە عەرەب نشینەکاندا مل نادا.

خووزستان، بەر لە ساڵی ١٩٢٥، کە تا ٥سەدە لەوەپێش بە عەرەبستان ناودەبرا، خودموختاریی تەواوی هەبووو زمانی عەرەبی تێی‌دا دەگوترایەوە. دوای هاتنەسەرکاری ڕەزاشاو پێکهاتنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ یەکەمجار دەوڵەت زمانی فارسیی، کە کەمتر لە ٤٠٪ی حەشیمەتی ئێران پێی دەئاخڤن، کردە زمانی ڕەسمیو سەرانسەری.

**سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە خووزستاندا، هەروەك ڕێژیمی پێشوو، لە سەر بناغەی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی‌و فەرهەنگیی ئێرانیانی عەرەبی خووزستان دارێژراون. سیاسەتە نادیموکراتیکەکانی ڕێژیم تەنیا عەرەبەکانیان نەکردۆتە ئامانج، نەتەوە نافارسەکانی وەك ئازەری، کورد، بەلوچ، لوڕو تورکمەنەکانیشی گرتۆتەوە. نێوەرۆکی ئەم سیاسەتانە کە لە سەردەمی ڕێژیمی شاشدا دژی نەتەوە نافارسەکان بەڕێوە دەبران، یەك شتە.**

سیاسەتەکانی ڕێژیمی پێشوو لە سەر بناغەی ڕێکارێك بوون کە دەبێ هەموو شتێ فارسیزە (فارسیزاسیون) بکرێ. ئەم سیاسەتە، بە کەڵك وەرگرتنی خراپ لە تەوەهومی نەژادپەرستانەی پێش ئیسلام، لەسەر بناغەی ئەو بیرە شۆڤینیستی‌و ڕەگەزپەرستانە هەڵچنراوە کە دوا ئامانجی لاواز کردنو سڕینەوەی فەرهەنگە نافارسەکان بوو. ئاکامی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیە، لە دواکەوتوویی‌دا هێشتنەوەیان لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی ئەم نەتەوانەیە کە هەوڵی ئاسیمیلاسیۆنیان لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە خۆی دەنوێنێ، و ئەم سیاسەتانە لە کردەوەدا بوونەتە هۆی پێکهێنانی قەیرانی شۆناسی نەتەوایەتی لە ئێرانداو هەستێکی قووڵی متمانە نەکردن بە دەوڵەتی ناوەندی لەلای کەمینە نەتەوایەتی‌یەکان، بەتایبەت عەرەبەکان، بەدی هێناوە.

کۆماری ئیسلامی هەروا درێژە بە سیاسەتی فارسیزاسیۆن دەدا، بەڵام ئەمجارە لەژێر سێبەری ئیسلام، بەرابەریو یەکیەتیی ئیسلامی‌دا. درێژەدان بەم سیاسەتە نادیمۆکراتیکانە دژی نەتەوەو کەمینە ئایینی‌یەکان، سەرەڕای هەلومەرجی نالەباری ئابووری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئێستا، بارودۆخەکە لە تەقینەوە نزیك دەخاتەوە.

کاربەدەستە ئێرانی‌یەکانی ئۆستانی خووزستان ڕێگا نادەن کە منداڵانی عەرەب، ناوی عەرەبیو غەیرە فارسییان لەسەر دابنرێو بە زۆر ناوگەلێکیان بەسەردا دەسەپێنن کە هەندێ جار لەگەڵ باوەڕە فەرهەنگیو ئایینی‌یەکانی ئەواندا لەناتەبایی دان.

ناوی سەرچاوە سروشتی‌یەکان، شوێنە جوغرافیایی‌یەکان، شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانو هتد، کە دوای چەند سەدە بەم ناوانەوە ناسراون، لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی‌دا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی. گۆڕینی ناوی شار، شارۆچکە، ڕووبارو شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان بۆ ناوە ڕەسەنو ئەسڵی‌یەکانی خۆیان، زۆر جار لە دەوڵەت داوا کراوە بەڵام هیچ وەڵامێکیان بەم داوایانە نەداوەتەوە.

ئێمە هەروەها خوازیاری دژایەتیکردنی سیاسەتی ڕێژیمین سەبارەت بە سانسۆر کردنی هەرچەشنە هەواڵو زانیاری‌یەك لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی نێوخۆو دەرەوە سەبارەت بە نەتەوەی عەرەبی ئێرانین. ئەم سیاسەتە بۆتە لەمپەرێك لەبەردەم گەیشتنی دەنگی نارەزایەتیی نەتەوەی عەرەبی خووزستانو خەباتکارانی مافی مرۆڤ بە خەڵکی ئێرانو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان. ئەم ڕێژیمە هەروەك ڕێژیمی پێشوو، دژی هاتنە گۆڕی پرسی عەرەبە خووزستانی‌یەکانە لە بیروڕای گشتی‌دا. هەرچەند لە ژێرەوەڕا، مەسەلەی ئێرانی‌یە عەرەبەکانو نەتەوەی عەرەبی خووزستان بە هۆی گرنگو بایەخی لەڕادە بەدەری خووزستان لە ڕووی ئابووریو ئەمنییەتی‌یەوە، هەمیشە یەکێك لە گرنگترین مەسەلە نێوخۆیی‌و دەرکی‌یەکانی ڕێژیم بووە لە مامەڵەو پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبی‌یەکانو بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ‌دا. بایەخی ستراتیژیکی خووزستان، وەك پردی پێوەندیی نێوان ئێرانو وڵاتانی ناوچەو شەتولعەرەبو هەروەها سەرچاوەی زۆرو زەوەندی نەوت کە ٩٠٪ی داهاتی وڵات دابین دەکاو گەورەترین سەرچاوەی سامانی ئێرانە، بۆ ڕێژیم ڕوونو ئاشکرایە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا عەرەبەکانی خووزستان بە شێوەیەکی کەم وێنە لە دواکەوتوویی‌دا ڕاگیراون. ئاستی خوێندەواری لە پلەیەکی نزم دایەو، چارەڕەشی، بێکاریو ناعەدالەتیو تووشبوونی لاوان بە مەوادی بێهۆشکەر قەیرانێکی قووڵی لێکەوتۆتەوە.

ئێمە خوازیاری نرخاندنی عادیلانە بۆ زەوی‌یە داگیرکراوەکانی جوتیارانی عەرەبین. لەم ساڵانەی دوایی‌دا، حکوومەتی تاران بۆ وەگەڕخستنی پرۆژەی نەیشکەری خووزستان (کە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە) زەویی وەرزێرانی عەرەبی ئەم ئۆستانەی بە زۆرو بە پێچەوانەی ویستی ئەوان داگیرکردووەو حەشیمەتی غەیرە عەرەبی لە ناوچەکانی دیکەوە هێناوە بۆ کارکردن لەسەر ئەم زەوییانەو نیشتەجێی کردوون.

ئێمە خوازیاری ئاوەدانکردنەوەی خێرای شارە وێرانکراوەکانی سەردەمی شەڕی ئێران ـ عێراقینو داواکارین کە دەوڵەت سەرنج بداتە تێکنۆلۆژیی ژینگە، پیسبوونی ئاوی خواردنەوە بە هۆی ئەو ژارەی کە لە وەگەڕخستنی پرۆژەی نەیشکەردا ساز بووە، و بڵاوبوونەوەی مەوادی بێهۆشکەر لە نێو لاوانو گەندەڵیی ئیداری.

هیوادارین بەم ڕۆشنگەرییانەی کە لەم لاپەڕانەدا کردمانن، بە کردەوە دەنگی زۆرلێکراوانی نەتەوەی عەرەبو گەلانی دیکەی ئێران بگەیەننە کۆمیسۆنە جیاجیاکانی یەکیەتیی ئورووپاو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی دیکە.

مەترسیی ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی عەرەب لە خووزستاندا جیددی‌یە. ئێمە ئامادەین کە بە خستنە ڕووی بەڵگە سەبارەت بەو مەسەلانەی کە ئاماژەیان پێکرا، یارمەتیتان بدەین بۆ ئەوەی پێش بە ڕووداوی کارەساتێکی مرۆیی دژ بە خەڵکی عەرەبی ئێران، کە هەر ئێستا لە حاڵی ڕوودان دایە، بگیرێ.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەهواز
لکی ئەمریکا
کۆمەڵەی عەرەبەکانی ئەهواز
بۆ ئازادیو دیمۆکراسی لە ئێران

**١ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی (ئاگوستی ٢٠٠٣) وێنەیەك بۆ: بەڕێز کووفی ئەنان سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان؛ ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی‌و چاوەدێرانی مافی مرۆڤ؛ ڕاگەیەنە گشتی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان، ڕێکخراوە پسپۆڕی‌یەکانی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.**

# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئامادەکردنی: ئەشکان

### نێدا شەهسەواری پاڵەوانی پینگ پۆنگی ئێران

نێدا شەهسەواری کچە یاریزانی کرماشانی، کە لە یاری‌یەکانی پینگ پۆنگی قارەمانیی ئافرەتانی ئێران لە شاری قەزوین بەشدار بوو، بە دوای سەرکەوتن بە سەر تەواوی ڕەکەبەرەکانی‌دا پلەی یەکەمی ئێرانی وەدەست هێنا. ئەم یاری‌یانە کە ڕۆژی ١٩ی گەلاوێژی ٨٢ کۆتایی پێهات بە مەبەستی دیاری کردنی تیمی میللی پینگ پۆنگی ژنانی ئێران بەڕێوەچوو.

### بەڕێوەچوونی زۆرانی تازە پێگەیشتووانی ئێران لە شاری مەهاباد

یاری‌یەکانی زۆرانی تازە پێگەیشتووانی (ژێر ١٧ ساڵ)ی ئێران کە لە شاری مەهاباد دەستی پێکردبوو ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژی ٨٢ کۆتایی پێهاتو یاریزانانی کورد چەندین سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٦٣ کیلۆ ئارەش زەرئەفشان، لە کێشی ٨٥ کیلۆ عومران ئەمیری لە کرماشان پلەی یەکەمیان وەدەست هێناو لە ئاستی تیمییش‌دا، مازەندەران، کرماشان، تارانو مەهاباد پلەی یەکەم تا چوارەمیان وەدەست هێنا.

### سەرکەوتنی دوو یاریزانی کورد لە یاری شمشیری ئێران‌دا

یاری‌یەکانی پاڵەوانێتیی شمشیری (شمشیر بازی) ئێران کە لە شاری ئیسفەهان دەستی پێکردبوو ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژی ٨٢ کۆتایی پێهات. لەم یاری‌یانەدا، لە فلۆرەدا حەمید وەیسی‌و لە ئێپەدا فەرزاد ڕۆستەمی هەر دوو لە کرماشان پلەی سێهەمی ئێرانیان وەدەست هێنا. هەروەها لە بەشی تیمی‌دا، کرماشان بە دوای ئیسفەهانو تاران پلەی سێهەمی ئێرانی وەدەست هێناوە.

### کوردستان بۆتە پاڵەوانی جامی حەزفیی زۆرانی شانو ملی ئێران

یاری‌یەکانی کاپی حەزفیی زۆرانی شانو ملی (فرنگی) ئێران لە ئاستی لاواندا، کە دوو مانگ لەمەوپێش وەدەستی پێکردبوو بە پاڵەوانێتیی کوردستان کۆتایی پێهات. لە یاریی کۆتایی ئەم کاپەدا، کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی گەلاوێژی ٨٢ بەڕێوەچوو کوردستان ١٨ بە ١٣ لە تیمی پرێسپۆلیسی لورستانی بردەوە.

### بەڕێوەچوونی یاری‌یەکانی کێش هەڵگرتنی تازە پێگەیشتووانی ئێران لە سنە

یاری‌یەکانی کێش هەڵگرتن بۆ تازە پێگەیشتووانی (ژێری ١٧ ساڵ)ی ئێران کە لە شاری سنە دەستی پێکردبوو ڕۆژی ١ی خەرمانانی ٨٢ بە پاڵەوانێتیی تیمی فارس کۆتایی پێهات. لەم یاری‌یانەدا، لە کێشی ٥٧ کیلۆدا حەمید مەلیکی لە ئیلام پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. هەروەها لە کێشی ٦٢ کیلۆدا حەمید خەزایی‌و لە کێشی ٧٢ کیلۆ ئومێد جەعفەری هەردوو لە کرماشان پلەی یەکەمیان وەدەست هێنا. لە ئاستی تیمییش‌دا بە دوای فارس‌و بوشێهرو کرماشان پلەی دووهەم‌و سێهەمیان وەدەست هێنا.

### یەکەمین سەرکەوتن بۆ یانەی پەیکان

ڕۆژی هەینی ٧ خەرمانانی ٨٢ لە یەکەمین ڕۆژی سێهەمین خولی فووتباڵی حیرفەیی ئێراندا، یانەی پەیکانی تاران بە ڕاهێنەریی بیژەنی زولفەقار نەسەب یەکەمین سەرکەوتنی وەدەست هێنا. ئەم یانەیە لە بەرامبەر یانەی بە هێزی سایپای تاران ١ـ٠ سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

### کرماشان قارەمانی جودۆی لاوانی ئێران

یاری‌یەکانی جودۆی پاڵەوانێتیی ئێران (ژێر ٢٠ ساڵ) کە لە شاری کەرەج دەستی پێکردبوو ڕۆژی ٧ـ٦ـ٨٢ بە پاڵەوانێتیی کرماشان کۆتایی پێهات. لەم یاری‌یانەدا، ٢٠١ یاریزان لە چوارچێوەی ٣٢ تیم لە ٢٨ ئوستانی ئێران بەشدار بوون کە لە ئاکامدا، کرماشان بە ١ میداڵی زێڕو ٣ برۆنز پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. شایانی باسە لە کێشی ١٠٠ کیلۆدا ئەکبەر خوسرەوی تەنیا میداڵی زێڕی کرماشانی وەدەست هێنا.

***

## بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێ بکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 372    6 Sep  2003

بۆ خویندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانو وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، براواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتیرنیت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

بەر لە ماڵاوایی

# دوینێ "سارا"، ئەمڕۆ "زارا"!

ع. وریا

"سارا" ئیستاش وەك ٢٥ ـ٢٤ لەمەوبەر، یەکیك لە ناسراوترین کچانی شارەکەیەتی. ئیستاش هەمووان دەیناسنو هەرکە بەلایەندا رادەبرێ، دەلین "سارا" هات.

"سارا" چارەکە چەرخیك لەمەوبەر، لە هەرەتی لاوەتی دابوو، بە بەژنو باڵای چەلەنگو بە قژە رامیشییەکەیەوە، بە جوانیی تایبەت بە خۆیەوە، بە دنیایەك ئاواتو ئارەزووو شایی بەخۆبوونەوە، بە دوای وەرگەرانی تەختی بەختی ریژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی شایەتیدا، لەگەڵ کۆمەلیك لە کچانی هاوتەمەن، هاوپۆلو هاوریێیەوە، لە شاریکی نە زۆر گەورەی وەك شنۆدا، پیی نایە مەیدانی کارو تیکۆشانی سیاسییەوە. بوو بە لایەنگری حیزبی دیمۆکراتو یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران. سەری بە بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیمۆکراتدا دەکرد، دەهاتە کۆرو کۆبوونەوە سیاسیو فەرهەنگییەکان، دەچووە ریپیوانو خۆپیشاندانەکانی خەلك. سەردەم، سەردەمی گورو تینی لاوەتیی "سارا" بوو. لەپشت جموجۆڵو هەلسوکەوتو تیکۆشانیدا، هیزو گوری لاوەتی، و دەریای ئاواتو ئارەزووەکانی ئەو چاخەی تەمەن، لەنیو لەنجەو جوانیو شەرمو ئەوینی کچانەیدا، شەپۆلیان دەدا. لە چاوانی جوان ئەنگیوو لە دەروونی پراوپر لە خۆشەویستیی ژیانو نیشتمانو گەلدا، دەتتوانی جوانترین ئارەزووەکانی بۆ داهاتووی خۆیو گەشترین ئاواتەکانی بۆ داهاتووی کوردستانەکەی وەخوینی. . .

نیوەراستەکانی خەرمانانی ٢٢ ساڵ لەمەوبەر، بەدوای چەندین رۆژ پەلامارو ئاگربارانی بیبرانەوە شاری شنۆش کەوتەوە دەست ریژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی. "سارا" وەك زۆر کەسی دیکەی لە چەشنی خۆی، شاری بەجێ نەهیشت. خۆ ئەو کارانەی ئەو کردبوونی، شتیکی زۆر ئاسایی بوون. لە شاریکدا کە دەسەلات بە دەست خەلكو حیزبی خۆشەویستی ئەوانەوە بێ، چوون بۆ میتینگو کۆرو کۆبوونەوەی سیاسیو هونەریو جیژنو ریورەسمە میللییەکان، بۆ هەموو دانیشتووانی شار شتیکی ئاسایینو بە پیی هیچ یاسایەکی ئینسانی بەتاوان ناژمیردرین. ساڵ تیوەر نەسوورابۆوە کە "سارا"یان گرت. چەند گیرا؟ لە کوێ گیرا؟ ـ من وەك ئیستا لەویو لەوێ بەلەش دوور بووم ـ نازانم. بەڵام دەزانم کە لە زیندان گەرایەوە، سارا، "سارا"ی جاران نەبوو. ئەوەی لە زیندانی کۆماری ئیسلامی را گەرابۆوە، شیتیك بوو، بەزەحمەت لە مالەوە بەند دەبوو، دەهاتە کۆلانو شەقام. زۆر جاریش لە گۆرەپانو ناوەندی شارو لە نیو ئاپۆرای خەلكدا، گرکانی توورەیی لەو غەدرو تاوانانەی لە زینداندا دەرهەقیان کردبوو، دەتەقیەوەو تووشی هەلچوونی رووحی دەبوو. "سارا" ببووە کچە شیتەکەی شار. ئەوانەی بە چاوی سەرگەرمییەوە دەروانن نەهامەتیی مرۆڤەکان، دەهاتنە سەیری. بەڵام ئەو کەسانەی شارەزای رابردووی بوونو دەیانزانی چلۆن تووشی ئەم چارەنووسە بووە، "بە فرمیسکی وشك، بە نالەی بیدەنگ" لە ناخەوە بۆی دەگریان.

ئیوە خۆتان بلین لەماوەی چارەگە چەرخیك دەسەڵاتدارەتیی ئەو تاقمە دلرەشو خوینخۆرەی بەناوی پیرۆزی خواوە، بەسەر ئیراندا فەرمانرەوایی دەکەن، وڵاتەکەمان چەند هەزار "سارا"ی بە خۆوە دیبێ، باشە؟ چەند هەزار کچی رووسوور، بە هەست، نیشتمانپەروەرو دلخۆش بە داهاتوو، تەنیا بەتاوانی لایەنگری لەم یا ئەو حیزبو ریکخراو، بە گوناهی خویندنەوەی کتیبو بڵاوکراوەی سیاسی، تەنانەت لەبەر ئەوەی جلوبەرگی دلخوازی خۆیان لەبەر کردوە، دەستیان لەنیو دەستی خۆشەویستی خۆیان دابووە، یا تالیك لە قژیان بە دەرەوە بووە، رەوانەی زیندان کراونو کە هاتوونەتە دەر، مرۆڤیکی رەوانیو تیکدراو و رۆژرەش بوون؟!

٢٠ ـ ١٥ ساڵ لەمەوبەر، زۆرکەس هەبوون باوەریان نەدەکرد کە لە زیندانەکانی ئەو ریژیمەدا، بەر لەوەی کچان ببەن بۆ ئیعدام، دەستدریژییان دەکەنە سەر تا بە کچی نەیان کوشتنو گوناهبار نەبن! کاتیکیش هەوالی مەرگی ئەو کچانەیان بۆ دایكو بابیان دەبردەوە، "زاوا"شیان ـ کە ئەرکیکی شەرعیی بەجێهینابوو ـ بە قوتوویەك شیرینییەوە بەو دایكو بابە جەرگبراوانە دەناساند.! بەڵام من دلنیام هەرچی لەگەڵ هیچ رەفتارو ئەخلاقیکی ئینسانی ناگونجێو لە هیچ جیگایەکی جیهاندا، وینەی نەدیتراوە، ریبەرانو کاربەدەستانی ئەم ریژیمە، دەرهەق بە موخالیفانو نەیارانیان، خۆیان لی نەبواردووەو ئەنجامیان داوە.

لە رۆژگاریکدا، کە هەموو دنیا چاوی بریوەتە ئیرانو لەسەر هەرچەشنە دەستدریژییەك بۆ سەر مافو ئازادییەکانی هاونیشتمانان وەدەنگ دین، لە سەردەمیكدا کە مەجلیسو رۆژنامەکانو جیابیرانی وڵات دەتوانن بەشیك لە جینایەتەکان لەقاو بدەن، بەرپرسانو کاربەدەستانی ئەو ریژیمە ئەو پەندە بەسەر کەسیکی وەك "زارا کازمی" دینن کە هەموو دنیای سەرسامو بیزار کرد! زارا کازمییەك کە "تابعیت"ی وڵاتیکی دیکەی هەبوو، رۆژنامەنووس بوو و زۆر ناوەندو دامودەزگاو دەولەتان دیفاعیان لیدەکرد! ئەدی لەو رۆژگارەدا کە ریژیمەکە یەکدەست بوو و لەنیوخۆیدا کەس نەیدەویرا بلێ "لەل"، لەو ساڵانەدا کە هاودەنگییەکی ئەوتۆ لە رادەی نیونەتەوەییدا بە نیسبەت خەلکی زۆرلیکراوی ئیرانەوە نەبوو، لەو ساڵانەدا کە دەستە دەستە زیندانییە سیاسییەکانیان دەدایە بەر ریژنەی گوللە؛ دەبێ لەگەڵ "سارا"کان، چیان کردبێ، کە توانای تەحەممول کردنیان نەدەما، خۆیان دەکوشت یا شیت دەبوون؟

***

"سارا"! تۆ بە لای منەوەو بە لای هەموو ئەوانەی هەموو قوربانیدانیك لە پیناوی گەلو نیشتماندا بە شتیکی پیویست دەزانن، هەر ئەو کچە پاكو لەبەردڵانو خۆشەویستەی خانووە قۆرەکانی "حەساری میران"ی. تۆ نموونەیەکی هەرە زیندووی قوربانی بوونو قوربانیدانی.

خۆزگە دەمانتوانی ئەو جیهانەت بۆ بخولقینینەوە کە پیش چوونە زیندان ئارەزووت دەکرد هەتبێ. بەداخەوە ئەوەمان بۆ ناکرێ. بەڵام بە خەباتمان دەتوانین جیهانی ئاواتی ئەوانە بشیوینین کە ژیانو دنیای زۆری وەك تۆیان تیك دا.

# بۆچی هیشتتان خومەینی باوکم بکوژێ؟

**نامەی کچیکی باوك شەهیدکراو بۆ سکرتیری گشتیی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوای کوشتاری هاوینو پاییزی ١٣٦٧ی زیندانییە سیاسییەکانی ئیراندا.**



ئاغای پریز دیکۆئیار!

من کچیکی نۆ ساڵەم. باوکی من کە ناوی ئەبولحەسەنی خەتیب بوو، خومەینی لە زینداندا کوشتی. یانی رۆژیك کەلوپەلەکانی ئەویان پیدایەوەو گوتیان کوشتوومانە، چونکە بیروڕای نەگۆڕابوو. دلنیام ئەتۆش دەزانی کە زۆر لە باوکەکانیان لە زینداندا کوشت. من لەهەر کەسیك دەپرسم بۆچی بابمیان کوشت، چ تاوانیکی کردبوو، بەڵام کەس نازانێ.

پیم بلێ بۆچی باوکی بیتاوانمیان کە ٧ ساڵان لە هیچو خۆڕایی لە زینداندا ڕاگرت، لەپڕ ئیعدامیان کرد؟ تاوانی وی چ بوو؟ ئەگەر ئەتۆ نایزانی، لەوان بپرسە کە بۆچی بابمیان ئیعدام کرد. من هەر ئەوەندە دەزانم بابم شۆڕشگێڕیکی توودەییو مرۆڤیکی زۆر باش بوو. باوکم لە خەمی هەموو منداڵان دابوو. ئاشتیی خۆش دەویست. بۆ خۆشی لە یەکیك لە نامەکانیدا ئەوەی بۆ نووسیبووم. نامەکەی دەنیرم بۆت. داوات لیدەکەم لییان بپرسە کە تاوانی بابم چی بوو؟ بۆچی کوشتیانو گلکۆکەشیان بە نەنکم نیشان نەدا. لە کام دادگادا بڕیاریان دا بابم بکوژن؟

ئاغای دیکۆئیار!

من لە تەلەویزیۆن بیستم کە ئیوە لایەنگری ئاشتیو ئۆگری ئازادیی ئینسانەکانن. ئەدی بۆچی کاریکی وات نەکرد تا خومەینی بابم نەکوژێ؟ منو هەلالەی خوشکم کە ٧ ساڵەیەو هیچ کات بابی نەدیوە، داوات لیدەکەین گوێ لە قسەکانمان ڕابگرەو وەلامی پرسیارەکانمان بدەوە.

ئازەرنووشی خەتیب

**وەرگیراو لە: وتاری "نگاهی اجمالی به مبارزات خانوادەهای زندانیان سیاسی در سالهای شصت" لە نووسینی "جعفر بەکیش"، سایتی "گویا".**




**لە ١٥ ساڵەی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکاندا**

# قەسابی ئیوین شەقامی بەناوەوە دەکرێ!

ب. هیوا



فەرامەرزی کیشوەری پیشمەرگەیەکی ئازەری زمانی حیزبی دیموکرات بوو کە لە دوارۆژەکانی زستانی ١٣٧٤ لەگەڵ پۆلیك پیشمەرگەی دیکەی حیزبدا، لە ئۆردووگاری بەحرکە ـ جیژنیکان لە کاتی تەماشاکردنی یاریی والیبالدا کەوتە بەر دەستریژی تاقمیك تیرۆریستی بەکریگیراوی کۆماری ئیسلامی. شەهید فەرامەرز کەسیکی قسەخۆش بوو. ئەگەر کەسیك کاریکی بیعاقلانەی کردبا، بەو کوردییە تایبەتییەی خۆی کە راویژیکی ئازەریانەی هەبوو، دەیگووت: "بە کەریان گوت مەعریفەتی خۆت نیشان بدە، چوو خۆی لە خۆلێ گۆوزاند"!

ئیستا ئەم حیکایەتە لە ئەندامانی شوورای شاری تاران رووی داوە. ئەندامانی ئەو شوورایە ژمارەیەك کەسی سەر بە قۆلی پاوانخوازو توندرەوی ریژیمن کە لە ئاکامی بەشداری نەکردنی زۆرایەتیی خەلکی تاران لە هەلبژاردنی شووراکان لە زستانی رابردوودا بە دەنگیکی کەم (کە لە لایەن ئەفرادی سەر بە قۆلەکەی خۆیانەوە پییان درا) توانیان ئەو نیهادە بگرنە دەستی خۆیان. بەڵام ئەوان لە بوون بە ئەندامی شوورای شار، مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیەو لە جیاتی خزمەت بە خەلكو گرنگیدان بە ویستو داخوازەکانیان، دەیانەوێ قەلسەیان لێبگیرنو لەو ریگایەوە دلسۆزیو وەفاداریی خۆیان بە ریژیمیك نیشان بدەن کە ماکەی جینایەتو خوینرشتنە. هەر بۆیەش راست لە ١٥ ساڵەی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ئیراندا، لە کۆبوونەوەی خۆیاندا، داوا لە شارەداریی تاران دەکەن یەکیك لە مەیدانو شەقامە سەرەکییەکانی تاران بۆ ریزنان لە خەباتی "ئەسەدوڵڵای لاجەوەردی" بە ناوی ئەوەوە بکەن!

ئەسەدوڵڵای لاجەوەردی ئەو سەرۆکە دلرەقو جینایەتکارەی زیندانی ئیوین بوو کە سەبارەت بەو هەموو ئیعدامو ئەشکەنجەو رەفتارە وەحشیانەیە لە سەردەمی ئەودا، بە دژی زیندانییە سیاسییەکان بەریوە چوون، بە "جەللادو قەسابەکەی ئیوین" ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو، بە پیچەوانەی ناوەکەی "ئەسەد" (شیر) نەبوو، ئەگەر شیریش بووبێ لە درندەییدا "شیر" بوو، ئەویش "شیر" لە ئاستی ئازادیخوازانی بیدیفاعی دەستو پیزەنجیرکراودا. شوورای تاران ریز لە دلرەشیو درندەییو جینایەتەکانی ئەو جەللادە دەنێ! ئەویش لە هەلومەرجیكدا کە هاونیشتمانان لە نیوخۆو دەرەوەی وڵات، جموجۆلیکی بەربلاویان بە مەبەستی فشارهینان بۆ سەر ئەو ریژیمە دەست پیکردوەو داوا دەکەن فتوادەرانو بەریوەبەرانی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ئیران، لییان بکۆلریتەوەو بە سزای خۆیان بگەن.

دیارە ئەندامانی شوورای شاری تاران ناهەقیان نیە ئاوا بۆ ئەو خزمەتکارە چنگ بە خوینەی کۆماری ئیسلامی بەپەرۆش بن. وەختیك خاتەمیی سەرکۆمار کە ژیستی لایەنگری لە کۆمەلگەی مەدەنیو خەلكسالاریو مافو ئازادییەکانی خەلك دەگرێ، بۆ مەرگی ئەو جینایەتکارە قور دەپیوێ، شوورای سەر بە قۆلی پاوانخوازو توندرەو هەر دەبێ ریزی لیبنێ.

# دوو کۆنفرانسی جیهانی بۆ باس لەبارەی ئاوی خواردنەوە



لە مانگی ئووتی ٢٠٠٣دا دوو کۆنفرانسی نیونەتەوەیی لە دوو شوینی جیاوازی جیهان بە مەبەستی باس لەسەر قەیرانی ئاوی شیرین بەریوەچوون.

لە نیوەراستەکانی مانگی ئووتدا پسپۆرانی زیاتر لە سەد وڵاتی جیهان کە لە ١٠٠ کەس زیاتر بوون، لە شاری ستۆکهۆلم پیتەختی سوئید کۆبوونەوە تا لەسەر قەیرانی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە، بیرورا لەگەڵ یەك بگۆڕنەوە.

لە کۆتایی ئەو مانگەشدا ٥٠٠ نوینەر لە وڵاتانی دنیاو نزیکەی ١٠٠ ریکخراوی نیونەتەوەیی لە شاری "دوو شەنبە" پیتەختی تاجیکستان کۆبوونەوە تا ریگاچارەیەك بۆ گیروگرفتەکانی پیوەندیدار بە ئاوی خواردنەوە لە ناوچەو جیهاندا بدۆزنەوە.

بە گوتەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی میلیاردیكو پینج سەد میلیون کەس دەستیان وەئاوی خاوین راناگاو دوو میلیاردو پینج سەد میلیون کەسیش لە بەشیك لە پیداویستییەکانی لەشساغیی گشتی، بیبەشن. رۆژئاوای ئاسیا، شیمالی ئەفریقاو ناوچەی نیوەراستی ئەفریقا، زیاتر لە هەر شوینیکی یکەی جیهان، لەگەڵ ئەو گرفتە بەرەوروون.

کۆنفرانسی ئاو لە تاجیکستان ساڵەکانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٥ی وەك دەیەی نیونەتەوەیی ئاو ناودیر کردوە. ئەنوەر چاودوری جیگری سکرتیری گشتیی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: کۆبوونەوەی نیونەتەوەیی ئاوی شیرین لە شاری دوو شەممە، هەنگاویکە لە خزمەت پەرەگرتنی بەردەوامداو، پیشنیارەکانی ئەو کۆنفرانسە خزمەت بەکەم کردنەوەی هەژاری، باشتر کردنی وەزعی لەشساغیو ژیانی دانیشتووانی وڵاتانی جیهان دەکەن.

بەکارهینانی لە رادەبەدەرو پیس کردن، تا دێ پتر هەرەشە لە سەرچاوەکانی چۆمو رووبارەکانی جیهان دەکەن. لە زۆر ناوچەی جیهان بەشیکی گەورە لە سەرچاوەکانی ئاوی شیرین بۆ کشتوکاڵ کەلکیان لیوەردەگیرێو ئیستا گیروگرفتی سەرەکی ئەوەیە چلون دەکرێ بیئەوەی رووبارو دەریاچەکان لەنیو بچن ئاویکی زیاتر بۆ خەلك دابین بکرێ. دەریای ئارال لە ئاسیای نیوەراست کە سەردەمیك گەورەترین دەریاچەی جیهان بوو، پیشبینی دەکرێ بەهۆی کەلك وەرگیرانی زیاتر لە ئەندازە لە ئاوەکەی بۆ کشتوکاڵو سنعەت، لە ١٥ ساڵی داهاتوودا، بە تەواوی وشك بێ.

پیکهینانی کۆنفرانسی ئاوی شیرین (ئاوی خواردنەوە) بۆ وڵاتی تاجیکستان، میلیۆنیكو هەزار سامانی واتە نزیکەی ٤٠٠ هەزار دولاری داهات هەبوو. بۆ ئەو وڵاتە هەژارە، هەر ئەو داهاتە بۆخۆی دەسکەوتیك بووە.

**سەرچاوە: سایتی B.B.Cpersian**

# پشتیوانیی "دیوانی بەرزی وڵات" لە قاتلانی ٣ پیاوو دوو ژنی کرمان

بە گویرەی راپۆرتی رۆژنامەی "اعتماد"، دیوانی بەرزی وڵات، بڕیاری دادگای کرمانی لە بارەی تاوانبارانی پەروەندەی قەتڵە زنجیرەیییەکانی ئەو شارە، قبووڵ نەکردو ویڕای رەتکردنەوەی بڕیارەکە، پەروەندەی تاوانبارانی بۆ لیکۆڵینەوەو پیڕاگەیشتنی دووبارە لە دادگایەکی دیکەدا، ناردەوە دادگوستەریی کرمان.

جەعفەری یەزدی، پاریزەر (وکیل مدافع)ی بنەماڵەی کوژراوەکانی ئەو قەتڵە یەك بەدوای یەکانە، رۆژی چوارشەممە ١٢ی خەرمانان ویڕای راگەیاندنی ئەم هەواڵە گوتی: قازیی لقی ٣١ی دیوانی بەرزی وڵات لە بڕیارەکەی خۆیدا گوتویەتی: تاوانبارکراوەکان کەسانیکی دیندارنو بۆچوونیان لە بارەی "مهدورالدم" (رەوا بوونی کوشتن)ی کوژراوەکان، هەڵە نەبووە. ناوبراو هەروەها گوتی: دیوانی بەرزی وڵات ئەو کردەوە نارەوایانەش کە دراونەتە پاڵ مەحکووم کراوەکان، قبووڵی نەکردوونو رایگەیاندوە کە ئەوان لە ژیر فشاری رەوانی لە کاتی لیکۆڵینەوە (بازجویی)دا، دانیان بەو تاوانانەدا ناوە.

تاوانبارانی پەروەندەی قەتڵە زنجیرەیییەکانی کرمان، ٦ کەسنو لە سەرەتای خەرمانانی ساڵی رابردووەوە، بە ناوی "خاوین کردنەوەی کۆمەڵ" دەستیان کرد بە کوشتنو ٣ پیاوو دوو ژنیان کوشت. دادگای کرمان، لە مانگی بانەمەڕی رابردوودا ئەو ٦ کەسەی بە تاوانی کوشتنو دەستریژیو . . بە ئیعدام مەحکووم کرد. بەڵام دیوانی بەرزی وڵات، جینایەتەکانی ئەو تاقمە، بە "نهی از منکر" (گیڕانەوە لە خراپە) دەزانێو پیی وایە قاتلەکان، نیچیرەکانی خۆیان بە هەڵە هەڵ نەبژاردوە. واتە هەقی خۆیان بووە بکوژرین!

**سەرچاوە: سایتی "اخبار روز"**